# چەمکی هاونیشتیمانیبوون و قۆناغەکانی گەشەکردنی
## "توێژینەوەیەکی تیۆرییە بۆ چەمکی هاونیشتیمانیبوون لە قۆناغە جیاوازەکانی مێژوودا"

**د. ئاسۆ ابراهیم عبدالله*** **م. سەنگەر حسام عبدالله****

وشە کلیلییەکان: هاونیشتیمانیبوون، مێژوو، کۆمەڵگا، هزر، فەلسەفە.
https://doi. org/10. 31271/jopss. 10116

**پوختە**

پوختەی توێژینەوەکە: هاونیشتیمانیبوون یەکێکە لەو چەمکانەی بەرکەوتەی زیاتر لە قۆناغێکی مێژووی هەیە، واتە لە دۆخ و مێژوویەکی دیاریکراودا دروست نەبووە، بۆیە لە ڕێگەی ئەم توێژینەوە هەوڵدەدین وەڵامی ئەم پرسیارە وەربگرینەوە: قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردن چەمکی هاونیشتیمانیبوون لە مێژوودا کامەن؟ هەروەها ئامانجمان لەم توێژینەوە خستنەڕووی ڕەوش و تێگەشتنە جیاوازەکانە بۆ چەمکی هاونیشتیمانیبوون بەپێی سەردەمەکان)، توێژینەوەدا بابەتی قۆناغی جیاوازی مێژوویی تێگەشتنەکان و جیاوازی جۆری کۆمەڵگایی کۆمەڵگاکان بە هەند وەرگیراوە، بۆئەوەی ئاراستەی تێگەشتنەکان بە تەنها لە نێوکۆیەکی دیارکراودا کورت نەکرێتەوە، بەشدارییە مێژوویەکانی تر بەلاوە بخرێت. لەم توێژینەوەدا لەگەڵ پێشەکیدا چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە (کێشە، ئامانج، گرنگی) خراوەتەڕوو، لەگەڵ بەکارهێنانی میتۆدی (وەسفی - مێژوویی)، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ دووبەش هەر بەشە دوو خاڵێک لەخۆ دەگرێت، لە کۆتایشدا گەشتوەتە کۆمەڵێ دەرئەنجام.

**ملخص**

**مفهوم المواطنة ومراحل تطورها "دراسة نظرية لمفهوم المواطنة في مراحل التاريخ المختلفة"**

المواطنة من المفاهيم التي عبرت أكثر من مرحلة تاريخية، أي أنها لم تخلق في ظرف وتاريخ محدد، لذا نحاول من خلال هذا البحث الإجابة على هذا السؤال: ما هي مراحل نشوء وتطور مفهوم المواطنة؟ هدفنا في هذه البحث هو عرض الظروف والمفاهيم المختلفة لمفهوم المواطنة حسب العصر. وتؤكد البحث على تنوع وجهات النظر وأنواع المجتمعات، بحيث لا يقتصر اتجاه الفهم على سياق محدد، ويتم تجاهل المساهمات التاريخية الأخرى. وقد عرضنا في مقدمة هذا البحث الإطار العام للدراسة

---

* پرۆفیسۆر لە بەشی کۆمەڵناسی - زانکۆی سلێمانی Sangar.Abdulla@univsul.edu.iq
** مامۆستا لە بەشی کۆمەڵناسی – زانکۆی سلێمانی aso.abdullah@univsul.edu.iq

(المشكلة، الهدف، الأهمية)، باستخدام المنهج (الوصفي التاريخي). وبشكل عام ينقسم بحثنا إلى قسمين، وكل قسم يحتوي على مجموعة من النقاط. وتوصل البحث إلى مجموعة من النتائج.

**Abstract**

**The Concept of Citizenship and its Stages of Development**

**“A theoretical study of the concept of citizenship in different stages of history”**

Citizenship is one of the concepts that have crossed more than one historical stage, that is, it was not created in a specific circumstance and date, so we are trying through this research to answer this question: What are the stages of the emergence and development of the concept of citizenship? Our goal in this study is to present the different conditions and understandings of the concept of citizenship according to the era. The study emphasizes the diversity of viewpoints and types of societies, so that the direction of understanding is not limited to a specific context, and other historical contributions are ignored. In the introduction to this research, we presented the general framework of the study (problem, goal, importance), while using the (historical- descriptive) approach. In general, our research is divided into two parts, and each section contains a set of points. The research reached a set of results.

.

# پێشەکی

چەمکی هاونیشتیمانیبوون بەو مانایەی ئەمڕۆ دەزانرێت و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و لە دەستوری زۆرێك لە وڵاتاندا ئاماژەی بۆکراوە، لە ساتەوەختێکی مێژووی و چوارچێوەریەکی هزرییدا بەدەرنەکەوتووە، بەڵکو زادەی هەوڵ وکۆششێکی زۆری مرۆڤ و قۆناغەکانی مێژووی مرۆڤایەتیە، ئەو هەوڵانەی لەم ڕووەوە نراون بە ئاسانی گوزەری نەکردوە، بگرە توشی زۆر ڕێگری گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری بوون ،لەلایەکی ترەوە ئەم چەمکە لە شرۆڤە و تێگەشتنی قوتابخانە هزری و فەلسەفییە جۆراوجۆرەکاندا مانای جیاوازی پێ بەخشراوە، جێکەوتەی ئەم هەوڵانەش لە داڕشتنەوە و خستنەڕووی قۆناغی ئێستای چەمکەکەدا بەدیدەکرێت، کەواتە چەمکێك نیە بەزگماکی لەگەڵ مرۆڤدا هاتبێتە بوون، وەکو (قستەنتین زەریق) دەڵیت: هاونیشتیمانی شتێك نیە بە شروشت و سەلیقە بوونی هەبێت یان دیارییەك بێت و ببەخشرێت، بەڵکو دەسکەوتێکە وەکو بەهاکانی تری ژیان بەدەستی دەهێنیت. (التميمي: ٢٠١٦: ٢٠١٦: ١٢٥) کەواتە ئەم چەمکەی ئێستا بەرهەمی خەبات وهەوڵدانی دورو و درێژی مرۆڤە بۆ دادپەروەری و یەکسانی، بۆیە گەر سەرنجی مێژووی شارستانیەتە جیاوازەکان بدەین دەبینی پڕ لە ململانێی و جەنگ بۆ دەسکەوتنی مافەکان، هەرچەندە بەدەستهێنانی مافەکان قۆناغ و پلەبەندیەکی جۆراوجۆری بری، کە لەسەدەی کۆندا لای گریکەکان و ڕۆما بە فۆرم و شێوەی تایبەتمەند دەبینرێت و دواتر هاونیشتیمانیبوون ڕەوشێکی تری وەرگرت لە سەدەی ناوەڕاستدا لە ئەوروپاوڕۆژئاوا، هەروەها لە هەمان سەدەدا بە مانا وتیگەشتنی تر لە ئاینی ئیسلامدا کاری لەسەر کراوە، تاوەکو دەگاتە سەردەمی نوێ و هاوچەرخ کە بە قۆناغی پڕبەرهەمی هەموو ئەو خەبات و تێکۆشانانەی دادەنرێت بۆ چەمکی هاونیشتیمانیبون نراوە.

## کێشەی توێژینەوەکە:

هاونیشتمانیبوون یەکێکە لەو چەمکانەی بەرکەوتەی زیاتر لە قۆناغێکی مێژووی هەیە، واتە لە دۆخ و مێژوویەکی دیاریکراودا دروست نەبووە، بەڵکو دەرهاویشتەی هزر و فەلسەفە جیاوازەکانە، لەبەرئەوە ناتوانرێت بەتەنها بۆ هیچ قۆناغێکی مێژووی و ڕەوتێکی هزری وفەلسەفی یەکلای بکرێتەوە، سەرەڕای کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی هەر قۆناغ لەسەر چەمکەکە وبنەماکانی. بۆیە لەڕێگەی ئەم توێژینەوە هەوڵدەدەین وەڵامی ئەم پرسیارە وەربگرینەوە: قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردن چەمکی هاونیشتیمانیبوون لە مێژوودا کامەن؟

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوە خۆی لە خستنەڕووی " ڕەوش و تێگەشتنی جیاوازە بۆ چەمکی هاونیشتیمانیبوون بەپێی سەردەماکان) ،لەگەڵ هەندێك ئامانجی لاوەکی وەکو:

١- ناساندنی هاونیشتیمانیبوونە لە ڕووی زمانەوانی و چەمکسازییەوە.

٢- خستنەڕووی چەمکی هاونیشتیمانیبوونە لە سەردەمی مێژووی کۆن و ناوەڕاست و هاوچەرخدا.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

١- ئەم توێژینەوە بەرچاوڕوونیەکی زیاترە بۆ تویژەری کوردی بۆ ئاشنابوون بە چەمکی هاونیشتیمانیبوون لای هزرڤان و فەیلەسوفەکان.

٢- ئەم توێژینەوە سەربارخستنی هەندێك زانیاری تیۆرییە بە زمانی کوردی لەسەر قۆناغی گەشەکردنی چەمکی هاونیشتیمانیبوون.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

تایبەتمەندی هەندێ توێژینەوە توێژەر ناچار دەکات کە ئەو جۆرە میتۆدە دیاری بکات کە گونجاوە لەگەڵ کاری توێژینەوەکەی، بۆیە لەم ڕووەوە دەتوانین ئەوە دەست نیشان بکەین میتۆدی ئەم توێژینەوە خۆی لە (میتۆدی وەسفی-مێژوویی) دەبینێتەوە، بۆیە لەم ڕووەوە ئەم میتۆدەمان بەکارهێناوە بۆ خستنەڕووی قۆناغەکانی گەشەکردنی چەمکی هاونیشتیمانیبوون و هەڵنجینی گرنگترین خاڵە دیارەکانی هەر قۆناغێك کە کاریگەری لەسەر چەمکە بووە.

**پەیکەری توێژینەوەکە:**

سەرەڕای پێشەکی، لە چوار باس پێکهاتووە، باسی یەکەم بە ناونیشانی (دیاریکردنی چەمك هاونیشتیمانی)ە، باسی دووەم بە ناونیشانی (هاونیشتیمانیبوون لە سەردەمی کۆن (یۆنان و ڕۆما)یە، باسی سێیەم بە ناونیشانی (هاونیشتیمانیبوون لە سەدەکانی ناوەڕاست)ە، بەشی چوارەم بە ناونیشانی (هاونیشتیمانیبوون لە سەردەمی نوێ وهاوچەرخ)ە، لە کۆتاییدا دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، و لیستی سەرچاوە بەکارهاتووەکان توێژینەوەکەدا، خراوەتەڕوو.

## باسی یەکەم: دیاریکردنی چەمکی هاونیشتیمانیبوون:

هاونیشتیمانیبوون لە ڕووی زمانەوانیەوە لە زمانی عەرەبیدا بە وشەی (مواطنة) دێت، کە لەسەر کێشی (مفاعلة) یە و لەوشەی (وطن)ەوە وەرگیراوە. (حواص:٢٠٢٢: ١٥٥) وەکو دەبینی لە لە " لسان العرب " وشەی (المواطن) وەکو نزیکیەك لەم چەمکە دەبینرێت، کە بەمانای ئەو ماڵە دێت تێدا نیشتەجێ دەبیت، یان بە واتای ماڵ و شوینی مرۆڤ دێت. (ابن منظور: ١٩٦٨: ٤٥١)

هەروەها "ئینسکۆپیدیای کۆلیر "ی ئەمریکی وشەی (Citizenship) بۆ مانای هەریەك لە (هاونیشتمانی و ڕەگەزنامە) بەکارهێناوە بێ جیاوازی، بەو پێیەی یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکانی ئەندامێتی لە گروپە سیاسیەکاندا، هەروەها پێویستە ئەوە بخرێتەڕوو چەمکی هاونیشتیمانی لەو جۆرە چەمکانەیە گۆڕانی بەسەردێت لە وڵاتێکەوە بۆ یەکێکی تر بەپێی سیستمی سیاسی، وەکو ئەوەی دەبینرێت چەمکی هاونیشتیمانی بەزۆری لە دەوڵەتە دیموکراسیەکاندا بەرجەستە دەبێت بەراورد بەو وڵاتانەی دیموکراسی نین ،هاونیشتیمانیبوون ڕەهەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و یاسایی و مەدەنی پێوەی پەیوەستە ،بۆیە دەبینی ڕەهەندی سیاسی لە هاونیشتیمانیدا لە وڵاتە نادیموکراسیەکاندا ونە ،بەوپێیەی بنەمایەکی سەرەکی هاونیشتیمانیبوون بەشداری سیاسیە ئەم دۆخەش لە وڵاتانی نادیموکراسی بوونی نیە.(حسني: ٢٠١٧: ٢٣٩)

هەروەها ئینسکلۆپیدیای پەرتوکی نیۆدەوڵەتی بەمجۆرە ئاماژەی بۆ کردوە: بریتیە لە ئەندامێتی تەواو لە وڵات یان لەهەندێ یەکەی فەرمانڕەوای، ئەم ئینسکلۆپیدیایە جیاوازی ناکات لە نێوان هاونشتیمانی و ڕەگەزنامە ،جەخت لەوە دەکاتەوە "هاونیشتیمانیان هەندێ مافیان هەیە، وەکو مافی دەنگدان و مافی وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی گشتی، هەروەها هەندی ئەرکیان لەسەرە وەکو ئەرکی پێدانی باج و بەرگری لە وڵات. (الكواري و اخرون: ٢٠٠١: ٣٠)

فەرمانگەی زانیاری بەریتانی ئاماژەی بۆ ئەم چەمکە کردوە بەوەی بریتیە لە " پەیوەندی نێوان تاك و دەوڵەت وەکو ئەوەی لە یاسای ئەو وڵاتەدا دیاری دەکرێت، ناوەڕۆکی ئەو پەیوەندیە هەڵگری کۆمەڵێك ئەرك و مافە ، وەکو پێدانی ئاستی ئازادی و هاوشانی ئەوەش دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی، واتە بەشێوەیەکی گشتی ڕەنگرێژی هاونیشتیمانی لەڕووی مافی سیاسیەوە دەکات، وەکو مافی دەنگدان و وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی گشتی. (نفيسة: ٢٠١٧: ٢٥٤)

هاونیشتیمانیبوون بریتییە لە ئەندامێتی لە داوڵەت یان هەندێ یەکەی بەڕێوەبردن، هاونیشتیمانی هەندێ مافی هەیە، وەکو مافی دەنگدان و مافی وەرگرتنی پۆستی گشتی، هەروەها هەندێک ئەرکیانیش لە ئەستۆدایە، وەکو ئەرکی باجدان و بەرگریکردن لە وڵات. (فتاح: ٢٠٢٠: ١٥)

هاونیشتیمانیبوون دوو لایەن لە خۆ دەگرێت: یەکەمیان مافێکی سیاسیە دەوڵەت بە تاکەکانی دەدات لەکاتی وەرگرتنی بیربۆچونیان لە دانان و جێبەجێکردنی سیاسەتدا، دووەمیان پەیوەستکردنیەتی بە بەشداریەکی چالاك و ملکەچکردنی بۆ ئەو دەرهاویشتانەی لەو سیاسەتانە دەکەوێتەوە. (غيث: ٢٠٠٦: ٥٣) هەروەها هاونیشتیمانیبوون بریتییە کارلێکی ئەرێنیی نێوان هاونیشتیمانی و کۆمەڵگا و دەوڵەتە لە میانەی ڕاهێنانی سیستەمی بەهاکان بۆ جێبەجیکردنی بەرژەوەندی گشتی و لەژێر ڕۆشنایی بەرژەوەندی باڵایی نیشتماندا. (بحري و خرموش: ٢٠٢٠: ٥٦)

هاونیشتیمانبوون: بریتیە لە پێگە یان ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەی دروست دەبێت لە نێوان تاکی سروشتی و کۆمەڵگای سیاسی لە میانەی ئەم پەیوەندیەوە لایەنی یەکەم ئینتیما ولایەنگیری خۆی پێشکەش بە لایەنی دووەم دەکات لەبەرامبەردا لایەنی دووەم دەیپارێزێت، ئەم پەیوەندی نێوان تاك و دەوڵەتە لەڕێگەی یاساوە دیاری دەکرێت. (غیث: ٢٠٠٦: ٥٢)

هاونیشتیمانبوون لە چەمکی بەشداری و چالاکیەوە نزیکە بۆیە خۆی لە ئینتما و لایەنگیری بۆ بیروباوەڕ و بەها و پرەنسیپ و ڕەوشت دەبینێتەوە، پێکهێنەری ڕەفتارو ویژدانی تاکە لە ژیانـدا بەمەش بەشێك لە کەسایەتی وپێکهاتەی دروست دەبێت، ئەوەش ڕۆڵی دەبێت لەمانەوەی مرۆڤ بۆ خزمەتی نەتەوەکەی و بونیادی شارستانیەتەکەیان وپەرتکردنی تاریکی ودواکەوتویی. (القحطاني: ٢٠١٠: ١٤)

هەروەها هاونیشتیمانیبوون بریتییە لە پەیوەندی نێوان تاك یان گروپ بە دەوڵەتەوە، هاونیشتیمانەکان سوێندی لایەنگیری بۆ ئەو دەوڵە دەردەبڕن، لەبەرامبەریشدا دەوڵەت پەیوەستە بە دەسخستنی مافەکانی ئەو تاکانە یان ئەندامەکانی ئەو گروپانە، هاونیشتیمانیبوون کۆمەڵێك پەیوەستبوون دروست دەکات وەکو ئەرك لەسەر هاونیشتیمانییەکانی وەکو خزمەتی سەربازی یان پێدانی باج، هیتر. (أونیل: ٢٠١٢: ٨٤) هاونیشتیمانیبوون بە شوناسێکی هاوبەش دادەنرێت کاردەکات بۆ یەکانگیری توێژەکانی کۆمەڵگا لەسەر بنەما یاساییە ڕوون و ویستراوەکان لای گشتی. (شریف: ٢٠٠٩: ٢٩)

لە ڕوانگەیەکی ترەوە هاونیشتیمانیبوون بەمانی بالاکردنی بەرژەوەندیەکانی نیشتیمان بەسەر بەرژەوەندی کەسی و تایبەتییەوە دێت، واتە بەمانای تێکچوون و لەناوبردنی نیشتیمان و پڕوکاندنی بەهۆی قسەی ناشرینی تایبەتیەوە نیە، بۆ گەڕان بەدوای بەرژەوەندی کەسی پەتی. (ممدوح :٢٠١٧: ٤٢)

پێناسەمان هاونشتیمانبوون: بریتیە لە پەیوەندییەکی دوولایەن لەنێوان تاك و دەسەڵاتی سیاسی لە کۆمەڵگادا، بەجۆرێك دەسەڵاتی سیاسی دەرفەتی ژیان و مافەکانی تاك بەبێ جیاوازی و بەشێوەیەکی یەکسان دیاری دەکات، لەبەرامبەرد تاك وابەستەی کۆمەڵێك ئەرك دەبێت بۆ دەسەڵات ،شوناسی هاونیشتیمانیبونی تاك لە کۆمەڵگاکاندا بەپێی سیستەمی سیاسی کۆمەڵگای سیاسی دەگۆڕێت.

## باسی دووەم: هاونیشتیمانیبوون لە سەردەمی کۆن (یۆنان و ڕۆما):

**یەکەم: هاونیشتیمانیبون لای یۆنانیەکان (گریك):** هاونیشتیمانیبوون: المواطنة (Citizenship): هاونیشتیمانیبوون لە مانای هاوچەرخدا ئەوەیە کە لە مێژووی کۆنی گریگەکان پێیگەشتوون ،چونکە ئەوە هاونیشتیمانیبوون نەبوو بەڵکو سەرەتای چەمکەکە بوو بەبێ ناوەڕوەک ، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پیادەکردنی ئەو دیموکراسیەی لە ئەسینادا بوونی هەبوو، ئەمە سەرەڕای هەندێ کەموکوڕی لە چەمکی هاونیشتیمانیبوونی ئەسینادا بوونی هەبوو، لەڕووی ئەو توێژانەی بەشداردەبوون و دانەپۆشینی ناوەخنی هەندێ لایەنی تری کە لە دونیای هاوچەرخدا لە چەمکی نوێی هاونیشتیمانی دەبینرێت، بەگشتی سەرکەوتوو بوو لە جێبەجێکردنی یەکسانی لەسەر بنچینەی هاونیشتیمانی لە نێوان تاکەکاندا، وەکو پێدانی ماف لەڕووی بەشداری سیاسیانەی کاریگەر بۆ گەشتن بە دەستاودەستی دەسەڵات و وەرگرتنی بەرپرسیاریەتی گشتی، ئەمەش وادەکات چەمکی هاونیشتمانی لە دەوڵەتی ئەسینا بەنزیکترین تێگەشتن بێت بۆ چەمکی هاونیشتمانی هاوچەرخ لە ڕۆژگاری ئێستادا، بۆیە بە بناغەی و بنچینەی ئەو چەمکە دەزانرێت. (الكواري و اخرون: ٢٠٠١: ١٦)، بەگشتی ئەوەی دەرکەوتووە لە جۆری ئەو سیستەمانەوە تا ئەندازەیەکی زۆر نزیکی هەیە لەگەڵ سیستەمی دیموکراسی نوێدا، "چونکە ئەو سیستەمە (دەوڵەتە شار) لەسەر بنەمای دیموکراسی ڕاستەوخۆ دروست بووە، هەموو هاونیشتیمانیەك بەشداربووە لە دروستکردنی حوکمڕانی بەتایبەت ئەو کەسانەی تەمەنیان گەشتبووە بیست ساڵ، ئەمەش لەڕێگەی کۆمەڵەیەکی گشتییەوە ڕادەپەڕێنرا کە بەهۆیەوە ئەنجومەنی جۆراوجۆر لێوە دروست دەبوو بۆ کاروباری حوکمڕانی و دادوەری و سەرکردایەتیکردن". (زايد: ٢٠٠٧: ٣٤)

بۆ تێگەشتنی زیاتر لە بابەتی دەوڵەتەشار دەبێت ئەوە بخەینەڕوو " شار لە ڕونگەی یۆنانەوە یەکەیەکی نمونەیی بوو بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و گردبونەوەی مرۆیی بەڵام بەومەرجەی دوو تایبەتمەندی لە خۆ بگرێت: ئەوانیش دەبوو لەلایەك یۆنانی بن و لەلایەکیتر ئازادبن نەك کۆیلە، بەمەش شار کۆمەڵگایەکی تەواوی دروست دەکرد هەموو پێویستیەکی خۆی دەسەبەردەکرد لە بوارە جیاوازەکاندا، لێرەشەوە (دەوڵەتە شار) بەدەرکەوت (شوفالية: ١٩٩٣: ١٥) و ڕۆڵێکی سەرەکی گێڕا لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای خێڵەکی و سەرپەرشتیکردنی خێڵدا، وایکرد تاکەکان تا ئەندازەیەك سەربەخۆ و جیاواز لە دەوڵەت دەرکەون، چونکە هاونیشتیمانی ملکەچی کەسانی بەهێز نەبوون کە حومکڕانی دەکرد، بەڵکو ملکەچی یاسا بوون. قسەکردن لەسەر ئەسینا قسەکردنە لەسەر یەکەم سیستەمی دیموکراسی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، دەرکەوتنی دەوڵەتە شاریش بەمانا ڕاستەقینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حکومڕانی دارکون (٦٢١پ.ز) وصولون (٥٩٤پ.ز) کە فەرمانڕەوایەکی یۆنان بوو و کاریکرد بۆ ڕێکخستنی قەوارەیەکی مەدەنی بەمەبەستی گەشتن بە دروستکردنی دەستورێکی دیموکراسی، بۆ ئەوەی سیستەمێکی یاسایی لەسەر بنەمای هاونیشتیمانیبوون دابمەزرێنیت. (محمد: ٢٠١٦: ٦٠-٦١)

کەواتە سەرەڕای ئەوەی ئەو تێبینئانەی لە چەمکی هاونیشتیمانیبوون لە ئەسینادا هەبووە،

بەتایبەت لە پەیوەندییدا بەو توێژانەی ئەو مافەیان پێدراو و پەراوێزخستنی هەندێکی تر کە لە ئێستادا لەگەڵ تێگەشتنی نوێ بۆ چەمکی هاونیشتیمانی ناگونجێت، بەڵام توانیویەتی سەرکەوتوبێت لە گەیشتن بە یەکسانی لەسەر بنەمای هاونیشتیمانیبوون لە نێوان تاکەکاندا. ئەمەش لە شێوەی بڕیاردان بۆ بەشداریەکی چالاکانەی سیاسی دەردەکەوێت تا گەشتن بە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و وەرگرتنی پێگەی گشتی، هەر ئەمەش وەها دەکات ئەو ئەزمونەی ئەسینا بە بەردی بناغەی پرسی هاونیشتیمانی دابنرێت. (الكوراي و اخرون: ٢٠٠١: ١٦) هەروەها لە پرسی هاونیشتیمانیبوون و مافەکانیان کۆمەڵگای یۆنانی کۆن دابەشی سێ چینی سەرەکی بوون، هەر چینە و خاوەن چالاکی تایبەتی خۆی بوو، ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەبوو لەسەر ئەرك و مافەکانیان، ئەوانیش بریتین لە: چینی یەکەم پێکهاتبوو لە ئازادەکان (الاحرار) هەریەك لە فەرمانڕەوا و ڕێزداران (الاشراف) لە خۆگرتبوو، بەڕیوەبردنی شاریان لابوو، مافی بەشداری سیاسیان لە دەوڵەتە شاردا بۆ فەراهم کرابوو، بەڵام چینی دووەم لەو کەسە بیانیانە پێکهاتبوون کە دانشتووی دەوڵەشاربوون و بەمەستی چالاکی بازرگانی دەرەکی لەوێ بوون، هەرچەندە لەگەڵ ئازادەکان دەژیان، بەڵام مافی دەستنیشانکردنی داهاتووی ژیانی سیاسیان نەبوو و دووربوون لە بەشداری سیاسی و مانەوەشیان لە دەوڵەتەشاردا وابەستەی مامەڵەی خۆیان بوو، هەروەها چینی سێیەم پێکهاتبوو لە کۆیلەکان و ئەرکی ئەم چینە کارکردن بوو بۆ ڕازیکردن و تێرکردنی چینی ئازاد و بیانیەکان، ئەم چینە بەتەواوەتی بێبەش کرابوو لە مافە سیاسیەکان(سعدون ٢٠١٦: ٢٩-٣٠)، هەروەها لەتێڕوانینی فەیلەسوفەکانەوە پێکهێنانی دەوڵەت پێویستی بە هەوڵێکی باشە، بۆیە دەبینی ئەفلاتۆن (٣٤٧-٤٢٦پ.ز) چۆنیەتی دەوڵەتە شاری لە وێنەیەکی نمونەییدا خستوەتەڕوو، "بەجۆرێك کۆمەڵگا دەشوبهێنێ بە جەستەیەك لە سێ ئەندامی سەرەکی پێکهاتبێت، ئەوانیش دەسەڵاتداران وپاسەوانان وبەرهەمهێنەران. ئەگەر هەریەك لە سێ چینە (پۆل) ئەرکی خۆیان بە باشی ئەنجام بدەن، ئەوا باشترین کۆمەڵگا دروست دەبێ، هەریەك لەم سێ پۆلە فەزیلەتی تایبەت بە خۆیان هەیە، وا باشە هەریەکەیان بەپێی فەزیلەتی تایبەت بەخۆی بجوڵێتەوە و ئەرکی تایبەتی خۆی جێبەجێ بکات. فەزیلەتی دەسەڵاتدار یان حاکم ژیرییە، فەزیلەتی تایبەتی پاسەوان ئازایەتییە، فەزیلەتی تایبەتی بەرهەمهێنەران دان بەخۆداگرتنە، دادپەروەریش ئەوەیە هەریەك لەم سێ چینە لە جێگەی خۆیاندابن. (پۆلادی٢٠٠٥: ٤٦)

لەم ڕووەوە (دیریك) ئاماژە بەوە دەکات " بیرۆکەی هاونیشتیمانی لای ئەفلاتۆن یاخود لە کۆمارەکەی ئەفلاتۆندا سێ چینە (حاکم - سەرباز - بەرهەمهین) چینی سێهەم (بەرهەمهێن) بە گەورەترین چین دادەنرێت، چونکە هەموو پیشەیی و بازرگان و کرێکار دەگرێتەوە، ئەمانە سەرەڕای ئەوەی هاونیشتیمانین بەڵام بە پلە دوو دادەنرێن بەهۆی گوێڕایەڵی و دەستەمۆبوونیانەوە، بۆیە هیچ چاوەڕوانیەکی بەشدارییان لە ژیانی گشتی لێ ناکرێت. هەروەها هاونیشتیمانی چاکەخواز بەلای ئەفلاتۆنەوە ئەوانەن ڕێز لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سیاسی دەگرن و وابەستەی یاساکانن و لەسەر خۆیان دسپلین پەیڕەودەکەن. (هیتر: ٢٠٠٧: ٣٢)، هەروەها لە بابەتی پێگەی ژناندا ئەفلاتۆن لە کتێبی (کۆمار)دا بانگەشەی بۆ یەکسانی نێوان ژن و پیاو کردوە. (شریف: ٢٠٠٩: ٢٣)

هەروەها ئەرستۆ (٣٢٢-٣٨٤ پ.ز)، سەرەڕای هەندێك نزیکی لە ئەفلاتۆن لە پرسە سیاسیەکان،

بەڵام جیاوازی بیروبۆچوونی لە زۆر بابەتدا لەگەڵ ئەفلاتۆندا دەردەکەوێت، بۆ نمونە لە بابەتی دروستبوونی دەوڵەتدا ئەرستۆ هەوڵی نەداوە سیستەمی واقعی تێپەڕێنێت بۆ سیستەمێکی ئایدیاڵی وەکو ئەوەی ئەفلاتۆن ئاماژەی بۆ دەکرد، چونکە لە ئەرستۆوە ئەوە خراوەتەڕوو دەوڵەت بەرهەمی کەڵەکبوونی گەشەکردنی مرۆڤە. لە پەیوەندییدا بە شێوازی حوکمڕانی ئاماژەی بە دووجۆر لە حکومەتەکان کردووە، هەریەکە لە شێوازی بەڕێوەبردنی لە خۆگرتووە ئەوانیش: حکومەتی چاکەخواز: ئەو حکومەتانەن چاودێریی بەرژەوەندی گشتی دەکەن و کار بۆ جێبەجێکردنی دەکەن ئەوانیش وەکو حکومەتەکانی " پاشایەتی، ئەرستۆکراسی، پۆلیتی (کۆماری)، لە بەرامبەردا حکومەتە گەندەڵەکانیشی خستوەتەڕوو (پێچەوانەی حکومەتە چاکخوازەکان)ن وەکو حکومەتەکانی " تیرانی (حوکمڕانی ستەمکاری)، ئۆلیگاراشی، دیموکراسی". (زاید: ٢٠٠٧: ٣٦-٣٨)

ئەرستۆ پاش باسکردن لە سیستەمە جۆراوجۆرەکان بە سەرنجدانی لە پێگەی کۆمەڵایەتی ئەم سیستەمانە دەگاتە ئەو ئاماژەی سیستەمی پۆلیتی (کۆماری) بە بەسەرنجدان بەو هەلومەرجەی لە ئارادایە بە باشترین سیستەمە، ئەمە لە چاو ئەو پێوەدانگەی بۆ "سیستەمی پاشایەتی" کراوە کە بەلایەوە پاشایەتی بە ڕەهای باشترینە، بەڵام بە سەرنجدان بە مەرجەکانی جێبەجێبوونی بۆ ئەو دۆخە "کۆماری -پۆلیتی" دەستنیشانکردوە، چونکە ئەم سیستمە لەڕووی پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگا و پێگەی کۆمەڵایەتیەوە تێکەڵیەکە لە دیموکراسی و ئۆلیگاراشی و لە کۆمەڵگایەکدا دێتەدی کە تێیدا چینی ناوەنجی لە هەردوو چینی دەوڵەمەند و هەژار زیاتر و بەهێزترە. (پۆلادی: ٢٠٠٥: ٧١)

سەرەڕای ئەو ئاماژانەی سەرەوە بۆ تێگەشتنی ئەرستۆ لە پرسە سیاسیەکاندا، بەڵام بیروبۆچوونی لە بابەتی هاونیشتیمانیبووندا لەگەڵ ئەفلاتۆندا یەکانگیر دەبێت، بە تایبەت پرسی بێبەشکردنی هەندێك لە توێژەکانی کۆمەڵگا لە فەرمانڕوایی، بەلایەوە هاونیشتیمانیبوون تەنها ئەو هاونیشتیمانیە ئازادانە دەگرێتەوە دەسەڵاتی حکومیان هەیە، هەروەها لە پرسی کۆیلەیشدا لەگەڵ ئەفلاتۆن هاوڕایە و بە بابەتێکی سروشتی دەبینێ، بەڵام لە پرسی یەکسانی ژن و پیاودا بیروبۆچوونی جیاوازە لە ئەفلاتوون، بڕوای بە یەکسانی ژن لەگەڵ پیاو نیە. ئەرستۆ هاونیشتیمانیبوونی وابەستەی چوار مەرجی سەرەکی کردبوو بۆ ئەوەی لە ڕێگەیەوە دەسەڵاتی سیاسی پەیڕەو بکات، واتە هاونیشتیمانی لای ئەرستۆ بە مانا سیاسیەکەی تەنها لەو کەسانەدا کۆبوەتەوە ئەم مەرجانە لە خۆ بگرێت، ئەوانیش:

ا- مەرجی ڕەگەز، دەبێت پیاوبێت.

ب- مەرجی ڕەگەزنامە، ئەو کەسانە دەگرێتەوە لە دایك و باوکێکی ئەسینایی لە دایك بوبێت.

ت- مەرجی ئازادبوون، (واتە ئازادەکان دەگرێتەوە نەك کۆیلە و بیانی)

پ- مەرجی دارایی یان توانای دابینکردنی بژێوی کەسانی تری هەبێت. (شریف: ٢٠٠٩: ٢٤-٢٥)

هاونیشتیمانیبوونی ڕەسەن لای ئەرستۆ دەبێت بە دووربێت لە کارە دەستی و بازرگانی و بارگرانیەکانی ژیانی ڕۆژانە، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی "ئەرستۆ کاریگەر بووە بە ئەزموونی ئەو سەردەمەی یۆنان لە دیاریکردنی هاونیشتیمانیبوون"، کەواتە بە پێی ئەزموونی یۆنانی بە شێوەیەکی گشتی و بیروبۆچوونی (ئەرستۆ) بە تایبەتی، هاونیشتیمانیبوون پێش هەموو شتێ پیشە و

مافی بەشداریکردن لە دامەزراوە جیاوازەکاندا بە هاونیشتیمانی دەدات، واتە خەسڵەتی هاونیشتیمانی لە کۆمەڵگای گریکییدا بەهۆی بەشداری لە کاروباری گشتییەوە سەرچاوە دەگرێت. (خدة: ٢٠٢١: ٦٤-٦٥)

**دووەم: هاونیشتیمانیبون لای ڕۆمانیەکان:** بەراورد بە یۆنان و ئەو بەشدارییە گەورەی لە هزری سیاسی و خستنەڕووی پرسەکاندا "پشکی[*] ڕۆم لە گەشەکردنی هزری سیاسیدا زۆر بەرچاو نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك دامەزراوەکان و سیستەمی یاسایی ڕۆم جێگەی بایەخە لە هزی سیاسیدا، لە سەرەتادا ڕۆم دەوڵەتەشارێك بوو وەك دەوڵەتەشارەکانی یۆنان کە لە یەکگرتنەوەی چەند هۆزێکی دراوسێ پێکهاتبوو (پۆلادی: ٢٠٠٥: ٧٨)، بەڵام بە کاریگەری ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەر ئەم شارستانیەدا هاتووە، پرسی هاونیشتیمانیش گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، چونکە ڕۆمان ئەو دۆخەی تێپەڕاند کە هاونیشتمانی تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە تواناى وەرگرتنی پۆستە گشتیەکانی هەبێت، بۆیە دەبینی بۆ خەسڵەتی هاونیشتیمانیبوون شێوەیەکی یاسایی بەرفراونی زیاد کرد، بەمەش دەردەکەوێت هاونیشتیمانی لای ڕۆمان تەنها کەسەکە نەبوو، بەڵکو یاسا هەندێك مافی پێدەبەخشێت بەبێ ئەوەی پێویست بکات بەشداری بکات لە پۆستە گشتیەکان(شریف: ٢٠٠٩: ٢٥)، لێرادا بە کورتی پرسی هاونیشتیمانیبون لای ڕۆمانییەکان بەپێی قۆناغەکان دەخەینەڕوو:

**سەردەمی پاشایەتی (٧٥٤-٥١٠ پ.ز):** ئەم ماوەیە سەد ساڵی تێپەڕاند و کۆمەڵگای دابەشی دوو چین کردبوو ئەوانیش ئازادەکان(هاونیشتیمانی) و کۆیلەکان، دامەزراوە سیاسیەکانیش لەو سەردەمە دابەشی سێ ڕگەزی سەرەکی بوون: پاشا و ئەنجومەنێکی پیران بۆ ڕاوێژکاری و و ئەنجومەنێکی گەل لە ئازادەکان کە تاوتوێی کاروباری جەنگ و ئاشتیان دەکرد.

**سەردەمی کۆماری (٥٠٩-٣٠ پ.ز):** ئەم سەردەمە دوای وەدەرنانی دوا پاشاکانی ڕۆمان بەدەرکەوت، بە بەرهەمی کۆمەڵێك ململانێی چینایەتی دادەنرێت، بەتێکەڵبوونی چینەکان بۆ یەك چین کۆتای هات، واتە لە بەرژەوەندی ئەو چینە لە هاونیشتیمانیانی ڕۆمانی یەکلای بووەوە کە پراکتیزەی مافی مەدەنی و سیاسی دەکەن (پلەبین – هاونیشتیمانی ئاسایی)

**سەردەمی ئیمپراتۆریەت (٣١-پ.ز-٤٧٦ ز):** ئەم سەردەمە لە سەدەی یەکەمی زاینیی دەستپێکردوە، کاتێك کاروباری کۆمار لە ناوخۆدا سەقامگیربوو و دۆخەکەش جۆرێك جێگیری بەخۆوە بینی، ئاراستەیان بەرەو فراوانبوونی دەرەکی گۆڕی و توانیان زۆرێك لە شارەکانی ئیتالیا لە خۆ بگرن، ئەمەش وایکرد ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی دامەزرێت و هەموو ئەو ناوچانەش بۆ چەند میرنیشینێ دابەشکرا و هەریەکەیان لەلایەن حاکمێکی ڕۆمانییەوە بەڕیوەدەبرا. (خدة: ٢٠٢١: ٦٧)

بەسەرنجدان لەو سەردەمە جیاوازانەوە دەردەکەوێت چەمکی هاونیشتیمانی گۆڕانکارییەکی دیاری بەخۆوە بینی لە سەردەمی حوکمی ڕۆمانیدا، هۆکاری سەرەکی ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر فراوانبوونی جوگرافیای ئیمپراتۆریەتەکە، هەروەها باڵادەستی ئەم ئیمپراتۆریەتە بەسەر ئەو ناوچانەدا

[*] لێرادا مەبەست لە کۆی کایەی سیاسە نەک بە تەنها پرسی هاونیشتیمانیبوون.

كه چەند کەلتورێکی جیاوازی له خۆگرت، لەگەڵ چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر(دوبە: ٢٠١٩: ٤١)، ئەمانەش بە بەربەرییەکان یان کاستی بیگانە ناسراون دانیشتوانی ئەو ناوچە داگیرکراوانەن ملکەچی ئیمپراتۆری ڕۆمان بوون، ئەمانە پەیڕەوییان لە یاسای تایبەت دەکرد بەناوی یاسای گەلان، بەڵام زیاتر لە بیرۆکەی یاسای سروشتی یۆنانیەوە نزیك بوو کە (شیشیرۆن) وەریگرتبوو، لە ڕاستیدا چاودیری گەلانی پێ نەکرا، ئەم گرۆپە لە پۆلێن بەندی ڕۆماندا لەدوای هەریەك لە { هاونیشتیمانی: کە رۆمانن و دانیشتوی پایتەخی ئیمپراتۆریەتن } و (لاتینیەکان: ڕۆمانی دەرەوەی شاری ڕۆما، مافی مەدەنی و سیاسیان هەبوو، بەڵام گرفتی ڕەگەزنامەیان هەبوو) (شعبان: ٢٠١٧: ٣١)

کۆماری ڕۆم و ئیمپراتۆریەتی ڕۆم نەیانتوانیبوو فەلسەفەیەکی سیاسی ڕێکوپێك وەك فەلسەفەی سیاسی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ بۆ خۆیان دروست بکەن، ئەوان هەندێك لە زاراوەکانی هزری سیاسی یۆنانییان بۆ ڕونکردنەوەی ژیانی سیاسی خۆیان بەکاردەهێنا، کەچی بەو حاڵەش سیستەمی یاسای ڕۆم هەندێ نوێخوازیی بەرچاوی تێدا بەدیکراوە لە چاو سیستەمی یاسایی یۆنانی و پێشکەوتنێکی گرنگی بەخۆیەوە بینیبوو، لەوانە دەتوانرێت ئاماژە بە یاسای دانراو بکرێت لای ڕۆمان، ئەوەش بەهۆی جیاکردنەوەی ئەخلاق لەسیاسەت دەبێت لەو دۆخەشدا دەوڵەت وەکو ئۆرگانێکی جودا لە کۆمەڵگا دروست دەبێت. بەڵام لە یۆنانی کۆندا ئەخلاق و سیاسەت تێکەڵبوون، دەوڵەت و کۆمەڵگا و گروپ و دەستەیەکی یەکگرتویان پێکدەهێنا، تا ئەوکاتە چەمکی تاکیش وەکو کەسایەتییەکی یاسایی سەریهەڵنەدابوو، بە پێچەوانەوەی لای ڕۆمان پاش ڕوخانی دەوڵەتەشار دەوڵەت و تاك لەیەکتر جیاکرانەوە و هەریەکەیان ئەرك و مافی جیاوازییان بۆ دەستنیشانکرا. دەوڵەت بە کەسایەتیەکی یاسایی دانرا بەجۆرێك لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا خاوەنی توانایی و دەسەڵات بوو وپاراستنی مافەکانی تاك هۆکاری بوونی ئەویان پێکدەهێنا. (پۆلادی: ٢٠٠٥: ٨٨)

## باسی سێیەم: هاونیشتیمانیبوون لە سەدەکانی ناوەڕاست:

لێرەدا بە دوو ئاراستەی جیاواز ئەم سەردەمە دەخەینەڕوو ئەوانیش بریتین لە:

**یەکەم: هاونیشتیمانیبوون لە ئەوڕپا و ڕۆژئاوا:** پرسی هاونیشتیمانیبوون لە سەدەی ناوەڕاست بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی ئەو سەدەیە گۆڕانی بەخۆوە بینیوە، "گواستنەوە لە سەردەمی کۆن بۆ سەدەی ناوەڕاست دوو بەرەی هێنایە کایەوە بەرەیەکیان ئەو هۆز بەربەرییانە بوون توانیان ئیمپراتۆریەتی ڕۆما بڕوخێنن و شانشینی و نیمچە ئیمپراتۆریەتیەکیان بۆ خۆیان دروست بکەن، کڵێساش بۆ دروستکردنی تۆڕێکی بەربڵاو و بەهێز بەخێرایی بەرەو پێشەوە هەنگاویان نا. هەرچەندە یەکەم بڕوادارانی ئایینی مەسیحی حەز و ئارەزوویەکی زۆریان نەبوو سەبارەت بە بابەتە سیاسییەکان، لە فێرکردنی سەرەتاییەکانی مەسیحیەکاندا زیاتر جەخت لە ئەخلاقی تاکەکان دەکرایەوە گرنگی زۆر بە حکومەت نە دەدرا" (پۆلادی: ٢٠٠٥: ١١٧-١١٨)، بەڵام دواتر پرۆسەکە پێچەوانە بووەوە و هەوڵی کۆنترۆڵی تەواوی کۆمەڵگا دەدرا لە هەموو بوارەکانەوە. هەروەها لە سەدەی ناوەڕاستدا بەتایبەت لە ئەوروپا و ڕۆژئاوا گەورە دەرەبەگەکان کۆنترۆڵی ژیانی ئابوری و سیاسی ومەدەنیان کردبوو، هاونیشتیمانی لە بازنەی کەمینەیەکی ئەرستۆکراتیدا بچوك کرابووەوە وەکو سەردەمی ئەسینا. (بعونی: ٢٠١٨: ٤٠)

سەرەتای سەدەی ناوەڕاست مێژوو نوسان ڕای جیاوازیان لەم بارەوە خستوەتەڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ دەرکەوتە وەکو سەرەتای سەدەی ناوڕاست باسی لێوەکراوە، بۆیە دەبینی هەندێ لە مێژوونوسان جەنگی ئەدرنەی ٣٧٨ ز، یان ڕوخانی ڕۆما لە ساڵی ٤١٠ز، یان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ٤٧٦ ز، دەکەنە کۆتای سەردەمی کۆن و سەرەتای سەردەمی ناوەڕاست، لە کاتێکدا هەندێکی تر ئەو گواستنەوەی نێوان ئەو دوو سەردەمە مێژوویە بە هاتنە سەر دەسەڵاتی "دیقلدیانوسی ئیمپراتۆری ڕۆمانی (٢٨٤ز-٣٠٥ز)" دەستنیشان دەکەن، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە لە کارگێڕی لە ماوەی دەسەڵاتیدا ئەنجامییدا.(برۆن: ٢٠٠٩: ٢٣)

هەروەها یەکێکی تر لەو سەردەمانەی لە مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست ئاماژەی بۆ دەکرێت سەردەمی ئیمپراتۆر قوستینتین (٣٠٦ز-٣٣٧ز)ە کە گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە لە مێژوودا، چونکە ئەو کارانەی پێی هەستا کاریگەری دیاری هەبوو لە مێژوودا و بەتایبەت لە گۆڕینی جیهانی کۆن بۆ جیهانی سەدەکانی ناوەڕاست، ئەم ئیمپراتۆرە دوو هەنگاوی دیاری هەڵگرت لەو کاتە: یەکەمی دانانی فەرمی بە ئایینی مەسیحیدا، دووەم پایتەختی ئیمپراتۆریەتی لە ڕۆمای کۆنەوە لەسەر کەنارەکانی ڕوباری تیبر لە ئیتالیا بۆ ڕۆمای نوێ لە کەنارەکانی بسفۆر گۆڕی (عاشور: ٢٠٠٩: ٤٤)

سەرەڕای ئەوەی لەسەردەمی ئیمپراتۆر ثیۆدوسیوس (٣٧٨-٣٩٥) ئاینی مەسیحی بە تەواوەتی بەهیزبوو ،بەڵام کاروباری ئیمپرتۆریەتەکە بە هەڵواسراوی لە نێوان جرمانیەکان و پیاوانی کەنیسەدا بە هەڵواسراوی مابووەوە، بۆیە بەلای هەندێکی مێژوونوسانەوە دوای مردنی ثیۆدوسیوس لە (٣٩٥) ئیمپرتۆریەتی گەورەی ڕۆمان لەنێوان هەردوو کوڕەکەی دابەشبوو بۆ بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، بەشی ڕۆژهەڵات بۆ ئەرکادیۆس کوڕی و بەشی ڕۆژئاوا رهونوریوس کوڕی. (عاشور: ٢٠٠٩: ٤٧).

ژمارەیەکی تری مێژوونوسان سەردەمی ئیمپراتۆر (جستنیان - ٥٢٧-٥٦٥ز) سنوری جیاکەرەوەیە، چونکە هەولێداوە ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای ئیمپراتۆرکە یەکبخاتەوە ،بۆیە بەسنوری جیاکەرەوەی سەردەمی کۆن و ناوەڕاست دادەنریت لە ئەوروپا. بەڵام سەرەڕای بیروبۆچونە جیاوازەکان، د.جفری برۆن ئاماژە بەوە داکات زۆرینەی مێژوونوسان لەسەر ئەوە کۆکن ساڵی ٤٦٧ز کە ساڵی ڕوخاندنی ئیمپرتۆریەتی ڕۆمانیە لەسەر دەستی ئەدۆکەر، خاڵی گۆڕینی سەردەمی کۆنە لە ئەوروپا بۆ سەردەکانی ناوەڕاست.(برۆن: ٢٠٠٩: ٢٣-٢٤)

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە ئەوروپا گرنگییەکی زۆریان دەدا بە یاسا، یاسایان بە بناغەی سیستەم و پێوەندییەکانی کۆمەڵگا لە قەڵەم دەدا. ئەم تێڕوانینەش درێژەی نەریتیك بوو کە لە یۆنانی کۆن و پاشتر ڕۆمەوە گەشتبووە سەدەکانی ناوەڕاست، سیستەمە سیاسییەکانی یۆنانی کۆن و کۆماری ڕۆم بەشێکی گرنگیان هەبوو لە دروستکردنی ئەمجۆرە تێڕوانینەدا. ئەوەی وەکو (یاسای سروشتی) و (مافی سروشتییەکان) دەناسرا مێژوویيەکی کۆنی هەیە لە مێژووی هزری ڕۆژئاوادا ئەوەش لە هزرەکانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ و پاشتریش ڕەواقیەکاندا (هەیوانیەکان) خراوەتەڕوو. هزری یاسای سروشتی و مافە سروشتییەکان (بەتێکەشتنی تایبەتی هەر سەردەمێك) گواسترایەوە بۆ سەردەمی هێلینیز و ئیمپراتۆریەتی ڕۆم و لەوێشەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست. بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست چەمکی یاسای سروشتییان وەرگرت و بەش بەحاڵی خۆیان گەشەیان پێداو بەرەو کاملبوونیان برد. لەم سەردەمەدا کە سەردەمی بەرفراوانبوونی بۆچونە ئاینییەکان بوو، فێرکردن و بابەتە مەسیحیەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ فراوانتر دەبوون و تیۆرەکانی مافە سروشتییەکان تێکەڵ بەم فێرکردن و بۆچوونانە بوو خاسیەتگەلێکی وەرگرت تایبەت بوو بەم سەردەمە. (پۆلادی: ٢٠٠٥: ١٢٩)

بە واتایەکی تر دەتوانرێت بگوترێت پرسی هاونیشتیمانیبوون لە ماوەی سەدەی ناوەڕاست کاریگەربوو بە دیموکراسی ئەسینی و ئەرستۆکراسی ڕۆمانی، لەگەڵ ئەوەشدا چەمکی حزمەتکردنی گشتی [*]لە هاونیشتیمانیبون دابڕا، هەروەها هەندێ چەمکی پەیوەست بە سیاسەت و کۆمەڵگاش گۆڕانی بەسەردا هات، بەنمونە چەمکی دەوڵەت گۆڕانی بەسەردا هات، هەرچەندە قەوارەیەکی یاسایی ڕەها بوو ،گونجاو بوو لەگەڵ ئەقلی فەلسەفی یۆنانی و بیری یاسایی ڕۆمانی، وایلێهات پەیوەندیە کەسی و ڕوحیەکان ڕۆڵی دەگێڕا و شاکان حوکمی دەکرد و ڕەعیەتان گوێڕایەڵی بوون، بەجۆرێك دەرەبەگەکان کۆنترۆڵی خەڵکی ئاسایان دەکرد. لە ڕوویەکی ترەوە مەسیحیەت لە سەرەتادا بیرۆکەی هاونیشتیمانی ڕەتدەکردەوە، بەوپێیەی مەسیحیەت لە جەوهەردا ئاینێکی دونیای نیە و بە تێڕوانینێکی جیاوازەوە لە ژیانی دەڕوانی، جیهانی دونیای بەلاوە گەندەڵ بوو، بۆیە ژیانی ڕاست ودوروست لەسەر ئەم زەوییە تەنها بە ئامادەکاری بۆ ژیانەکەی تر مەیسەر دەبێت. (وهيبة و سميرة: ٢٠١٩: ١٠٣)

سەدەکانی ناوەڕاست لە ڕۆژئاوا وێنەیەکی ڕەمزی تری لەسەر هاونیشتیمانیبوون خستەڕوو، ئەوەش لە کاتی سیستەمی دەربەگایەتی پێداچونەوەی پێداکرا، بەجۆرێك بەهای مەسیحی لە بری بەها مەدەنیەکان دانا و جێگیرکرد، لەبری ئەوە سیستەمێکی پێکهێنا پێگەی هاونیشتیمانی بۆ ڕەعیەت گۆڕا،

[*] ئەم مەرجە لە سەردەمی دەوڵەتەشاری یۆنان کاری پێدەکرا.

بۆیە دەبینی بە درێژای ئەو سەردەمانە چینی سەرکردە گرنگیدان بە ویستی گەل کاری لە پێشینەیان نەبووە، ئەوەش لە پێناو ئەوەی ڕەوایی و چالاکی و دەسەلاتی گەل نەبێتە هۆی سەرولێژکردنی سیستەمی کۆمەڵایەتی. (ولدیب: ٢٠١١: ٩١)

سەرەڕای ئەو تارماییەی باڵی بەسەر ئەو سەردەمە کێشابوو، لە هەندێك لە شارە بازرگانییەکانی باشوری ئەوروپا بەتایبەت لە ئیتالیا دۆخێك دروست بوو ناوی لێ نرابوو بە دەسنهێنانی ئیمتیازاتی پارەدار، بە جۆرێك بازرگان توانای فرۆشتن و کڕین و هاوسەرگیری و جیابونەوە و گەشتکردن و هەندێ شتی تری پێدەدرا بێ وەرگرتنی مۆڵەت و ڕوخسەت لە گەورە دەربەگ، بەهۆی ئەو سیستەمەی لەو کاتە هەبوو ـ ئەمەش جۆرێك لە ئازادی هزری و ئابوری بەخشی بە دانیشتوانی شار، لە کۆتایدا ئەو کەسانە (شارنشین) توانیان دیدگای ڕەخنەگرانە لەسەر سیستەمی کەنیسە و دەرەبەگەکان بخەنەڕوو، بەجۆرێك لە کۆتاییدا ڕەوتی هزری دەرکەوت بیروبۆچونی گشتی کەنیسەی ڕەتدەکردەوە و بە ڕوحێکی نەتەوەی بانگەشەیان دەکرد، ئەم ڕەوتە بەشێك لە بیروبۆچونەکانیان نوسیەوە و دەنگدانەوەیەکی فراوانی هەبوو لە ماوەی سەردەمی ڕینساس. (صلابي: ٢٠٢٠: www.aljazeera.net)

**دووەم: هاونیشتیمانیبوون لە ئایینی ئیسلامدا:** هەرچەندە چەمکی هاونیشتیمانی لە سەرەتاکانی هزری ئیسلامییدا بە مانا سەردەمی نوێ نەهاتووە، بەڵام دەبینی چەمکی (المواطن) لە قورئانی پیرۆزدا وەکو ئاماژەکردن بۆ کۆمەڵێك بارودۆخ هاتووە کە خودای گەورە دەفەرموێت "لقد نصركم الله في مواطن كثيرة" (القران الكريم: الاية ٢٥) واتە ئەی باوەڕداران بە دڵنیایی خوای گەورە سەریخستن لە زۆر جەنگ و غەزا و شوێندا، هەروەها لە زمانی عەرەبییدا لە فەرهەنگی (المعاني) ئەلیکترۆنیدا وشەی (المواطنة) ئاماژەیە بۆ "هەرکەسێك ئینتیمای بۆ دەوڵەتێك یان گەلێك (امة) هەبێت جا بەهۆی لەدایکبوون یان ڕەگەزنامەوە بێت، بەجۆرێك سودمەندبێت لەهەموو ئەو مافە مەدەنیانەی کە ئەو وڵاتە یان گەلە بۆی دیاریکردوە. (قاموس المعاني: www.almaany.com).

ڕۆژهەڵاتناس (برناد لویس) بابەتەکە بە جۆرێکی دەخاتەڕوو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات چەمکی هاونیشتیمانی چەمکێکی نامۆیە بە ئیسلام، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی وشەی هاونیشتیمانی (المواطنة) تا سەردەمی سەرەتای ئیسلام لە زمانی عەرەبییدا بوونی نەبووە، ئەمەش وایکردوە بیرمەندانی ئیسلامی بە توندی دژی ئەم بۆچوونە بوەستنەوە و جەخت لەوە بکەن ئەو چەمکە لە شارستانیەتی ئیسلامدا کۆنە، تەنانەت ئەگەر وەکو وشەش (المواطنة) نەهاتبێت، ئەوا وشە و دەربڕینی تر هەن کە هەڵگری مانا و ناوەڕوەکی هاونیشتیمانیبوون (المواطنة) یە، چەمکی موسڵمان (مسلم) وەکو چەمکێکی جێگرەوە دەبینن، بەوپێیەی ئەم چەمکەش ئاماژە بۆ ماف و ئەرك لە نێوانە ئەندامانی کۆمەڵگادا. بەڵام لەو شوێنانەی دانیشتوانەکەی هەمووی موسڵمان نین بەجۆرێکی ترە، وەکو دەبینی(محمد الغزالي) ئاماژەی بەوەکردوە "ئیسلام لە پەیمان بەستنی لەگەڵ جولەکە و مەسیحیەکان وەها سەیریکردوون لەڕووی سیاسی و ڕەگەزنامەوە وەك موسڵمانن هەرچەندە لەسەر بیروباوەڕی خۆیان بن. ئەمەش وەکو ئاماژەیەکە بۆ بابەتی پێکەوە ژیان لەو شوێنانەی فرەی ئاینی

تێدایە.(عبدالقادر: ٢٠١٥: ٥٣-٥٤)

سەرەڕای ئەو بۆچوونانەی لەسەرەوەدا خراونەتەڕوو، چەمکی هاونیشتیمانی (المواطنة) بەمانا نوێ و سەردەمیەکەی وابەستەی بۆچوونێکی تر دەکرێت و بەشێکی زۆری توێژەران جۆرێك لە کۆدەنگیان بۆ دروست بووە، کە بۆ یەکەمجار ئەم چەمکە لەلایەن شێخی ئەزهەر (رفاعە رافع الطهطاوي) (١٨٠١-١٨٣٧) بەمانا هزری و سیاسیەکەی گەلاڵە بووە، بەتایبەت دوای بەرکەوتنی لەگەڵ کەلتوری ڕۆژئاوادا. (حواص؛ ٢٠٢٢: ١٥٣)

بەگشتی بیربۆچونەکان لە بابەتی هاونیشتیمانی لە هزری ئیسلامییدا جەخت لەوە دەکەن: تاك لە وڵاتی موسڵماندا خاوەنی هەر ئاراستە و ڕەچەڵەکێ بێت مافێکی سەرەکی خۆیەتی ژیانێکی شەرفمەندانە بژێ، هاونیشتیمانی لە ئیسلامدا بەهۆی فەراهەمبوونی دوو مەرجەوە بە دەست دێت ئەوانیش: یەکەم: ئینتیما بۆ ئیسلام، دووەم: نیشتەجێبوونە لە دەوڵەتی ئیسلامیدا، هەروەها لە لایەکی ترەوە ئەو موسڵمانانەی لەدەرەوەی چوارچێوەی ئیسلامی بژێ، جگە لە پشتیوانی لە ئیسلام و موسڵمانان هیچی تری نیە، بەڵام ئەوانەی موسڵمان نین و نیشتەجێی سنوری دەوڵەتی موسڵمانن بەتەواوەتی مافی هاونیشتیمانیبوونیان هەیە بەمەرجی دڵسۆزی و گوێرایەڵی دەوڵەتبن (موکیل: ٢٠١٦: ٣١). هەروەها دەبێت دەوڵەت لە پێناو ئەوانیشدا بجەنگێت وەکو چۆن بۆ ڕەعیەتە موسڵمانەکانیەوە دەجەنگێت، ئەو یاسا دادوەریانەی بەسەر موسڵماندا جێ بەجێ دەکرێت ناموسڵمانەکانیش (لەئەستۆگیراوان-الذميين) دەگرێتەوە، تەنها ئەو شتانە نەبێت پەیوەستە بە کاروباری ئاینی، کە دەبێت ڕێز لە بیروباوەڕیان بگیرێت و سزای ئیسلامی بەسەریاندا نەسەپێت بۆ ئەو شتانەی بەلای ئەوانەوە قەدەغە نیە، هەروەها لە ڕۆژانی جەژنەکانیاندا بانگێشتی دەسەڵاتی دادوەری نەکرێن. بابەتی مامەڵەکردن لەگەڵ لەئەستۆگیراوان تەنها لە چوارچێوەی دەقەکانی شەریعەت و یاسادا پوخت ناکرێتەوە، بەڵکو پێویستە دادوەری موسڵمان لەسەروی ئەوانەشەوە جۆرێك نەرم ونیانی و مامەڵەی گونجاو لەگەڵیاندا پەیڕەو بکات. (جمال الدين: ٢٠١٩: ٤١)

هەر لەم ڕووەوە خوای گەورە ئاماژەی بە دۆخ و پێکهاتەی کۆمەڵگاکان کردوە بۆ پێغەمبەر (د.خ) ڕوونکردوەتەوە کە چۆنیەتی بانگەواز و مامەڵەی لەگەڵ ناموڵسمانەکان بکات، بەجۆرێك هیچ ناچاری و فشارێك لەسەریان دروست نەبێت، وەکو دەبینین خودای گەورە دەفەرمێ: (ولو شاء ربك لآمن من في الارض كلهم جميعا أفأنت تكره الناس حتى يكونوا مؤمنين) (القران الكريم: الاية ٩٩) واتە "ئەگەر خوای گەورە ویستی لێ ببوایە ئەوا هەموو خەڵکی سەر ڕووی زەوی ئیمانی ئەهێنا بەڵام خوای گەورە خەڵکی تاقی دەکاتەوە، ئایا تۆ ئەتەوێت بەزۆر خەڵکی موسڵمان بکەی ئەمە توانای تۆ نیە و ئیشی تۆ نیە".

هەروەها شارەزایانی بیری ئیسلامی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن بەشێکی زۆری بەهاکانی هاونیشتیمانی لە قورئانی پیرۆزدا بەمانا و خستنەڕووی تایبەتی خۆی هاتووە، لێرەدا ئاماژە بە چەند ئایەتێك دەکەین، بەنمونە لە بابەتی یەکسانی و جیاوازی نەکردن و پێکەوەژیانی نێوان مرۆڤەکاندا خوای گەورە دەفەرموێت : (يا أيها الناس إنا خلقناكم من ذكر و انثى وجعلناكم شعوبا و قبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله أتقاكم إن الله عليم خبير) دیسان لەم ئایەتە دەفەرموێت (إن الله يـأمر بالعدل والإحسان)

(القران الكريم، سورة النحل، الاية ٩٠) یاخود لەم ئایەتەدا لەبارەی بەڕێوەبردن و دادگەرییەوە دەفەرموێت (إن الله يأمركم أن تؤدوا الأمانات إلى أهلها وإذا حكمتم بين الناس أن تحكموا بالعدل) (القران الكريم، سورة النساء، الاية ٥٨) هەروەها لەبابەتی بەهای مرۆڤبوون و شکۆی مرۆڤەوە و بڵاونەکردنەوەی گەندەڵی و خراپەکارییدا خوای گەورە دەفەرموێت :(من قتل نفسا بغير نفس أو فساد في الارض فكأنما قتل الناس جميعا ومن أحياها فكأنما أحيا الناس جميعا) (القران الكريم، سورة المائدة، الاية ٣٢) هەروەها لە پەیوەندییدا بە پاریزگاری ماڵ ومولّکی نیشتیمانەوە (ممتلکات) و چاودیریکردنی "خوای گەورە دەفەرموێت (ولاتفسدوا في الارض بعد إصلحيها) (القران الكريم، سورة الاعراف، الاية ٥٦)، لەلایەکی ترەوە لە ڕووی بەشداری لە بونیادی کۆمەڵگایی خودای گەورە فەرمویەتی (وتعاونوا على البر والتقوى ولا تعاونوا على الإثم والعدوان) (القران الكريم، سورة المائدة، الاية ٢)

هەروەها بەشێکی زۆری فەرمودەکانی پێغەمبەر وابەستەی بابەتی هاونیشتیمانیبوونە بە واتە و تێگەشتنی تایبەتی ئەو سەردەمە بەراورد بە مانایی ئێستای چەمکە، لێرەدا کار لەسەر خستنەڕووی ئەو فەرمودانە ناکەین، بەڵکو تیشك دەخەینەسەر لایەنی کرداری و جێبەجێکردنی بابەتی هاونیشتیمانیبوون لە ئیسلام وچۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هاونیشتیمانی لە سەردەمی پێغەمبەر (د,خ) دا، کە دەگەڕێتەوە بۆ "یەکەم دیداری نێوان ئیسلام و سیستەمی دەوڵەتی و ناموسڵمانەکان، بەتایبەت لە شاری مەدینە بۆ بابەتی مامەڵەی هاونیشتیمانیانی دەوڵەتی ئیسلامی دەستورێك دانرا، لە ڕوانگەی مێژووی سیاسی ئیسلامەوە بە (صحيفه المدينه) ناسراوە یان بە نوسراوی خەڵکی مەدینە دەناسرێت (كتاب اهل المدينه). بەپێی ئەم دەستور یان بەڵگەنامە کە پێغەمبەر (د.خ) فەرمانی پێکرد، دۆخەکە بەجۆرێك بوو "ئەوانەی ناموسڵمانن و نیشتەجێن لە شار یان ویلایەتی مەدینە هاونیشتیمانی ئەوێن و مافی هاوشێوەی موسڵمانەکانیان هەیە، هەروەها ئەرکیان بەهەمان شێوەی ئەرکی موسڵمانانە، تەنها لەو شتانە نەبێت کە بەپێی بەدەق یان کۆدەنگی تایبەتمەندی پێدەدرێت، ئەمەش بەهۆی هاوبەشی لە یەك وڵاتدا داواکراوە. (العوا: ١٩٨٧: ٣٥)

## باسی چوارم: هاونیشتیمانیبون لەسەردەمی نوێ و هاوچەرخی ڕۆژئاوا:

سەدەی نوێ بە دەرئەنجام و قۆناغی وەڵامدانەوەی کۆمەڵێك ڕووداوی گەورەی مێژووی (سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و ئایینی) دادەنرێت کە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا باڵی بەسەر ئەوروپادا کێشابوو، بۆیە دەبینی لەپاڵ خەبات و تیکۆشانی میلەتان بۆ گۆڕینی ژیان و بەدەستهێنانی مافەکانیان، بەشێکی زۆر بیرمەندان و فەیلەسوف، بیریان لە شێوازێکی تری بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا کردوە، کە پەیوەندی نێوان تاك وکۆمەڵگا و هاونیشتیمانی و دەوڵەت ڕێکبخات، ئەم سەدەیە لەبەر گرنگیەکەی لە ڕەوتی مێژودا تایبەتمەندی و ناوی جیاوازی تر هاتووە، بەنمونە بەسەردەمی ڕێنساس (Renassance) یش ناودەبرێت، "مەبەست لە ڕینساس (بوژانەوە) ئەو گۆڕانە ڕامیاری و ئابوری و کۆمەڵایەتی و هزریەیە لە کۆتای سەدەکانی ناوەڕاستدا ئەوروپای گرتەوە، بە واتایەکی تر ڕێنساس (Renassance) ئاماژکردنە بە بزوتنەوەی زیندووکردنەوە و ژیاندنەوەی شارستانی کلاسیکی یۆنان و ڕۆما، ئەم بزوتنەوە لە ئیتالیا دەستی پێکردوو زیاتر هونەر و مرۆڤبینی و ئەو گۆڕانکاریانەی گرتەوە کە لەسەدەکانی (١٤ – ١٥- ١٦) بەسەر ئەوروپادا هات، ئەم سەدانە بەسەردەمی گواستنەوە لە سەدەکانی ناوەڕاست بۆ سەردەمی نوێ دادەنرێت". (صالح: ٢٠١١: ٩٢)

سەردەمی نوێدا بابەتی ڕێزگرتن ماف و ئەرکەکان و لێبوردەیی کاریگەری بیری فەیلەسوفەکانی پێوەدیارە، بگرە خستنەڕووە هزرییەکانیان لە دواتردا بووبە بنەمای هاونیشتیمانی لە زۆرێك لە وڵاتان و دروستبوونی کۆمەڵگای مەدەنی (نیوەندگیریی تاك و دەوڵەت) و ڕەنگدانەوەی هەبوو لە دەستورەکانیاندا، لەنمونەی ئەو فەیلەسوف بیرمەندانەش(هوبز و لۆك و ڕۆسۆ و مۆنتیسکیۆ و کانت و هیگڵ.. هتد)، لێرەدا تیشك دەخەینە سەر بەشێك دیدگای ئەم فەیلسوفانە لە پەیوەندییدا بە هاونیشتیمانی و گرێبەستی کۆمەڵایەتی. گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە دیارترین ئەو چەمك وئەدەبیاتە سیاسیانەیە بیری مرۆڤایەتی بەخۆیەوە بینیوەتی، ئەم چەمکە بەوپێیەی پەیوەستە بەگردبونەوەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، هیچ کۆمەڵگایەك مافی ئەوەی نیە لە وتنی بیرۆکەی گرێبەستدا بانگەشەی پێشینەی بکات، بەڵام لە ڕاڤەی ئەم بابەتەدا هەندێك پێیان وایە بیرمەندی چینی (ماوتزو) لە سەدەی پێنجەم پێش زایین یەکەم کەس بووە باسی بیرۆکەی پەیمان (گرێبەست) و بیرۆکەی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای سیاسی کردووە ی کردووە، لەلایەکی ترەوە لەفەلسەفەی یۆنان هەندێك هێما و ئاماژە بۆ بیرۆکەی پەیمان کراوە لای (سۆفیستایەکان، سوکرات، ئەبیقور). بەڵام بیرۆکەی گرێبەست لەسەدەی حەڤدە وهەژدە پێداچوونەوەی تێدا کرا لەلایەن (تۆماس هۆبز و بییر جاسندی و سپۆینزا و جۆن لوك و ڕۆسۆ). گرێبەستی کۆمەڵایەتی سروشتی دەوڵەت و سەرهەڵدان و بونیادنانی دامەزراوە سیاسییەکان و یاسادان و دادگا و دەسەڵاتی جێبەجێکردن دیاری دەکات (دوبە: ٢٠١٩: ٥٥-٥٦)، لەم ڕووەوە سەرەتا لە تێڕوانینی (تۆماس هۆبز)هوە دەست پێدەکەین :

(هۆبز) هاونیشتیمانیبوون بەم شێوەیە دەناسێنی "ئەو پاریزگاری لێکردنەیە دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ تاك دابینی دەکات، ئەو گرێبەستەی لە نێوان دەوڵەت و تاکەکاندا دەکرێت پێویستی بە دەستەبەرکردنی پاراستن و ئاسایشی هاونیشتیمانیان هەیە. هۆبز پێی وایە لەدەرەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی ململانێ و ترس هەیە، لەناو کۆمەڵگای مەدەنیدا ئارامی وئاسایش هەیە. هەروەها لە

چوارچێوەی سنوری وڵاتدا هاونیشتیمانیان سودمەند دەبن لە ماف و ئازادییە سەرەتاییەکان کە ئەگەر لە سنوری نیشتیمان نەبوایە نەیاندەتوانی بەدەستی بهێنن، کەواتە ئەم وێنەیە نمونەی بەرجەستەکردنی هاونیشتیمانیبوونە ،بەوپێیەی هاونیشتیمانیان لە سنورەکانی خۆیدا کۆدەکاتەوە و ڕێکیان دەخات. (عبدالقادر: ٢٠١٥: ٤٤)

جۆن لوك تێڕوانیکی تری هەیە، لە نامەی دووەمیدا کە لەساڵی ١٦٩٠ بڵاوی کردەوە لەسەر حکومەتی مەدەنی، ئەم نامەیەی ڕەنگدانەوەی بیرۆکەیەکی ئەقڵانیە، بەڕای لوك مرۆڤ بەسروشتی خۆی لە دۆخێکی ئازادی و یەکسانی دەژی و لەسەر بنەمایەك ئەو دۆخە دامەزراوە هەموو تاکەکان ڕێز لەیەکتری بگرن و ئازادی خۆیان وەرگرن و سەربەستبن لە موڵکدارییدا، ئەمەش بە هۆی ئەوەی ئەمانە مافە سروشتیەکانی مرۆڤن و بەپێیی یاساکانی سروشت هیچ تاکێك ناتوانێت زیان بە کەسانی تر بگەیەنێت و مەترسی لەسەر تەندروستی دروست بکات یاخود سەۆپێچی بکاتە سەر پیرۆزی و موڵك وماڵی ئەوانیتر. بەڵام لە نائامادەیی یاسا ودەسەڵاتی دادوەری کە سزای سەرپێچیکارانی موڵك و ئازادی تایبەت بدات، ناچار هەر مرۆڤە خۆی بەو ئەرکە هەستێت و ئازادی و سەروماڵی بپارێزێت. بەمەش دۆخی سروشتی مرۆڤ تەواو نابێت تا ئەوکاتەی لەژێر سایەی سیستەمێکی یاسایی نەبێت کە تاکەکان بپارێزێت. بۆ ئەمە مەبەستەش تاکەکان گرێبەست لە نێوان خۆیاندا دەبەستن و ڕێکدەکەون لەسەر دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی تێدا هەموویان کۆدەکاتەوە، تاکەکان لە مافەکانی خۆیان خۆش دەبن لە پێناو جێبەجێکردنی یاسایی سروشتی، بەو هۆیەوە کاروبارەکان دەدرێتە دەست گروپێك یان زۆرینەیەك کە ڕەنگدانەوەی ویستی گشتیە، بەمشێوەیە دەوڵەت مۆرکێکی یاسایی وەردەگرێت. مرۆڤ بەغەریزە دەگاتە سیستەمی سیاسی و بە ویستی خۆی و لەڕێگەی ڕێککەوتنەوە دادەمەزرێت، نەك بە زۆرەملی وەکو(هۆبز) لێدەڕوانێت، حکومەت بۆ ئەوەی بتوانێت پاڵپشتی خۆی بکات و ئەرکی خۆی لە پێناو پاراستی بەرژەوەندییەکانی خەڵك (هاونیشتیمانی) جێبەجێ بکات، پێویستە پشت بە ئامرازی یاسایی و دادوەری ببەستێت کە دەسەڵاتی باڵان لە وڵاتدا و لە ڕێگەی خەڵکەوە متمانەی پێبەخشراوە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی.(.زاید: ٢٠٠٧: ٤٥-٤٦) هەروەها جۆن لوك وایدەبینێ هاونیشتیمانیبوون وەدیهێنانێکی کردەییە نەك بەتەنها بۆ تاکایەتی تاك (الفردانیە الفرد) ،بەڵکو بۆ مرۆڤبوونی مرۆڤ، مرۆڤایەتی ڕەنگدانەوەیەکی ئەقڵانی هەیە لە گرێبەستی کۆمەڵایەتییدا. (مرقس: ٢٠٠٦: ٥٣)

هەروەها ژان ژاك ڕۆسۆ لە تێگەشتنی بۆ دۆخی سروشتی مرۆڤ لە بنچینەدا تاڕادەیەکی زۆر لە(جۆن لۆك) نزیکە، پێی وایە مرۆڤ لە ژیانێکی سادەدا ژیاوە و توانیویەتی پێداویستیەکانی دابین بکات، ژیانیان بە پاکی و ئازادی و یەکسانی بووە و ملکەچی هیچ جۆرە دەسەڵاتێك نەبووە، بەڵام بەچوونە ناو قۆناغی مەدەنییەوە مرۆڤەکان دۆخی سروشتی یەکەیان لەدەستدا و سەرپێچی کردنە سەریەکتر دروستبوو، موڵکداری تایبەتی دەرکەوت کە بنچینەی نایەکسانی دادەنرێت لە ژیانی مەدەنی نوێدا، بەهۆی ئەم دۆخەشەوە پێویستی بە حکومەت و دەوڵەت وەکو چوارچێوەیەکی یاسایی بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا دروستبوو، چونکە گەر دۆخەکە بەجێ بهێڵرێت بۆ ئارەزووی تاکەکان ئەوا دەوڵەتێکی گەندەڵ و سەرکوتکار دروست دەبێت. بۆیە دەبێت لەشێوەی گرێبەستێ کۆمەڵایەتی

دروست بێت بۆ پاراستنی ئازادی کە بنچینەی دۆخی سروشتی مرۆڤە، کەواتە دوای دەستبەرداربوونی تاك لە مافە سروشتیەکانی بۆ دەوڵەت، ئەوا دەوڵەت دەگۆڕێت بۆ دەزگایەکی گشتی ئەخلاقی لە تواناییدا دەبێت یەکسانی دەستەبەربکات، لەبەرئەوەی هەموو مافی هەموو تاکێ (هاونیشتیمانی) وەکو یەکترە، هەروەها دەوڵەت لەتوانایدایە ئازادییەکان دەستەبەر بکات، چونکە کاتێ تاك ملکەچی ویستی کۆمەڵگا دەبێت وەکو ئەوەیە ملکەچی ویستی خۆی بێت، بەوپێیەی دەوڵەت بەرئەنجام و ڕەنگدانەوەی "ویستی گشتیە" نەك قەوارەیەکی باڵادەست. (.زاید: ٢٠٠٧: ٤٦-٤٧) هەروەها بەلای (ڕۆسۆ) هاونیشتیمانیبوون "مافی بەشداریکردنی چالاکانەی ڕاستەوخۆیە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و دروستکردنی بڕیارە سیاسیەکاندا، ئەمەش بە مانای شاردنەوەی شەرعیەتی هێزە، لەبەرئەوەی هێز بە دروستکەری ئەو مافە دادەنرێت کە دەرئەنجام دەگۆڕێت لەگەڵ گۆڕانی هۆکاردا. واتە هەر هێزێك توانایی زاڵبوونی هەبوو بەسەر ئەو هێزەی لە پێش ئەودا هەبووە جێگەی ئەو مافە دەگرێتەوە کە لە ئەودا هەبووە. لەلایەکی ترەوە هاونیشتیمانی ئەو ئەندامانەن لە شێوەی کۆمەڵگەی نەتەوەیی ڕێکخراون و پاریزگاری لە ناسنامەی خۆیان دەکەن و بەوهۆیەوە مامەڵە لەگەڵ هاونیشتمانی وڵاتانی تر دەکەن، ئەمە جگە لە ئازادیی بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی وبەڕێوەبردنی وڵات بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ. (بلخیری: ٢٠٢٢: ٤٥٢)

سەرەڕای ئەو بەشدارییە هزرییە بەنرخەی کە فەیلەسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەری بەرهەمیانهێنا، بەڵام هاونیشتیمانی لە ڕووی کردارییەوە لەلایەك وابەستەی پەرەسەندنی ئابوری _کۆمەڵایەتی ئەوروپا بوو، لەلایەکی تر گرێدراوی لەدایکبوونی دەوڵەتی نەتەوەی بوو (مرقس: ٢٠٠٦: ٣١)، دەوڵەتی نەتەوەییش ڕووداوێکی کتوپڕ نەبوو بەڵکو بەرئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاربوو، لێرەد بەشێوەیەکی گشتی و کورت ئاماژە بە گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دەکەین : (یەکەم: داڕوخانی سیستەمی دەرەبەگایەتی کە سیستەمی بەڕێوەبردن بوو لە پێشووتردا ، دووەم: داتەپینی دەسەڵاتی کەنیسەی کاسۆلیکی ڕۆمانی، کە لەسەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست هەژموونی بەسەر ژیانی ئەوروپادا هەبوو. سێیەم: کەوتنی بیرۆکەی ئیمپراتۆریەتی فەرمانڕەوای باڵادەست کە پێش دەوڵەتی نوێی نەتەوەیی بوونی هەبوو. چوارەم: دەرکەوتنی چینی ناوەڕاست. (نوار و جمال الدین: ١٩٩٩: ٣٣-٣٥)

هەروەها کۆمەڵێك ئەزموونی دیموکراسی کلاسیکی لەناو ئەو میلەتاندا بوونی هەبوو، کە بەهۆی شۆڕش و هەوڵەکانیان بوو بۆ خستنەڕووی شێوازێکیتر لە ڕێکخستنی ژیانی تاك لەناو کۆمەڵگا و قەوارە سیاسیەکاندا. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکەین مێژووی گەشەندنی بزوتنەوەی ماف و ئازادییەکان، پێداچونەوە و سەقامگیری چەمکی هاونیشتیمانیبوون، وابەستەی سێ وێستگەی سەرەکیە کە یارمەتیدەربوون بۆ دامەزراندنی چەمکەکانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دەستور، بە کورتی ئەو ویستگانەی ئاماژەی مافەکانی هاونیشتیمانی لە خۆ دەگرێت کە ئەمانەن. (صیام: ٢٠٠٧: ١٤)

١- شۆڕشی ئینگلیزی شکۆمەند (١٦٨٨) * کە بەهۆیەوە بنەمای سەروەری میلەت سەرکەوت و

(*) لێرەدا بەمەبەستی ڕاستکردنەوەی پشتمان بەم سەرچاوە بەستوە : بڕوانە : ثامر عزام محمد و ابتسام محمود ، الثورة الجليلة ١٦٨٨ و اثرها على الاوضاع السياسية و الاقتصادية في بريطانيا ، دراسة منشورة في مجلة سرمن رأى ،

وایکرد میلەت سەرچاوەی دەسەڵات بێت.

٢- شۆڕشی ئەمریکا (١٧٧٦- ١٧٨٣) لە ئەنجامدا جاڕنامەی سەربەخۆی بەناوبانگی ئەمریکی لێکەوتەوە.

٣- شۆڕشی فەرەنسی ساڵی (١٧٨٩) بەهۆیەوە مانیفێستی مافی مرۆڤی بۆ مرۆڤایەتی لێکەوتەوە.

بەمشێوەیە چەمکی هاونیشتیمانیبوون لە سەدەی هەژدەهەمدا لەگەڵ شۆڕشەکانی فەرنسا و ئەمریکادا گەشتە لوتکەی پەرەسەندنی قۆناغبەندی، بەڵام نەگەیشتە لوتکەی هاونیشتیمانی تەواو، چونکە سەرەڕای هەوڵ و تێگەشتنەکان ئەو دوو شۆڕشە بەشێك لە خەڵکیان لە مافی هاونیشتیمانیبوون بێبەشکرد. دەستوری شۆڕشی ئەمریکی ساڵی ١٧٨٧، ژن و هیندیە سورەکان و رەگەزی رەشپێستی لە بازنەی هاونیشتیمانیبوون دوورخستەوە، ئەم دۆخە سەرەڕای هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە ساڵی ١٨٠٠دا بەردەوامبوو تاوەکو لەساڵی ١٩٦٥ هاونیشتیمانیبوونیان بۆ بەدەست نەهات. هەروەها شۆڕشی فەرەنسی تا ساڵی ١٨٤٨ واتە لە ناوەڕاستی سەدەی نوزدەهەمدا کۆتای بە کۆیلایەتی نەهێنا، لەسەر ئاستی سیاسی ژنان بەردەوام بێبەش بوون لە پراکتیزەکردن و مامەڵەی ڕاستەوخۆی مافە سیاسییەکان، بۆ ماوەیەکی زۆریش لەدەرەوەی بازنەی هاونیشتیمانیبوون مانەوە، وەکو ئاماژەی بۆ دەکرێت لە فەرەنسادا تاوەکو کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم دان بە مافی دەنگدانی ژناندا نەدەنرا. هەروەها لە ئینگلتەرا تاوەکو ساڵی ١٩٢٨ ژنان یەکسانی سیاسی و مافی هاونیشتیمانیبوونیان بەمانا گشتییەکی بەدەستەنەهێنا، تاوەکو لەو ساڵەدا یاسایی یەکسانی نێوان ژن وپیاو بۆ هەڵبژاردنەکان دەرچوو. لە ڕاستیدا دەتوانرێت بگوترێت سەدەی هەژدە (١٨) سێ ڕەوتی لە چەمکی هاونیشتیمانیبووندا بەرهەمهێنا ئەوانیش "هاونیشتیمانی مەدەنی: خۆی دەبینێتەوە لە مافە پێویستیەکانی مرۆڤ، وەك مافی تاك بۆ خاوەندارێتی و ئازادییە کەسییەکان و دادپەروەری، لەگەڵ هاونیشتیمانی سیاسی: ڕووی سیاسی ئەو مافانەیە کە تاك سودمەند دەبێت لێی، لەوانەش مافی بەشداریکردن لە دەسەڵاتی سیاسیدا، هەروەها هاونیشتیمانی کۆمەڵایەتی: ئەمەش وابەستەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی وئابورییە وەکو مافی هاونیشتیمانی لە دەستەبەری کۆمەڵایەتی و ئابوری. (لبوز: ٢٠١١: ٧١-٧٢) سەرەڕای هەوڵ و گۆڕانکارییەکان لە خستەنەڕووی ماف و ئەرکەکانی هاونیشتیمانیبوون لە ئاستی دەوڵەتە جیاوازەکاندا، بەڵام "دۆخی هاونیشتیمانی بە گشتی لەو وڵاتانەدا (وڵاتانی ئەوروپا) لە ڕووی تیۆرییەوە پێداچونەوەیەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینی تاوەکو لە ساڵی (١٩٤٨) (جاڕنامەی جیهانی ماف و ئەرکەکانی مرۆڤ) دەرچوو. (رضوان: ٢٠١٢: ٧٤-٧٥)

سەرەڕای ململانێ و جەنگ و پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ لە ناوخۆی وڵاتان یاخود لە نێوان دەوڵەتەکاندا، بەڵام سەدەمی نوێ وایکرد مرۆڤایەتی ببێتە یەك بەرە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ململانێ و پێکدانە چەکدارییەکان و قەیارانە تەندروستی و سیاسی و سەربازییەکان، وەکو دەبینی (کۆمەڵەی گەلان) لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم بەدەرکەوت و (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان) یش لە دوای جەنگی جیهانی دووەم هاتە کایەوە بۆ گوزارشت لە ڕاستی هاونیشتیمانی جیهانی، بەجۆرێك جەخت لە

پێویستی ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤ بگیرێت لە هەر وڵاتێك بێت یان هـەر نـەژاد و ڕەنـگ و ئـایین و زمانێك بێت. (شحاتة: ٢٠١٢: ٢١٣) لێرەدا بە پوختی ئاماژە بۆ بابەتی مافەکانی هاونیشتیمانی لەسایەی ئەو ئەم ڕێکخراوانە بەتایبەت نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەین، بەهۆی ئامادەی لە دونیـای ئێسـتامان و کاریگەرییەکانی لە جیهاندا. "پاش شکستی کۆمەڵەی گەلان لـە پاراسـتنی ئاشـتی جیهـانی و پێکهینـانی پەیوەندیەکی ئاسایی و دوور لە جەنگ لە نێوان وڵاتاندا لەسەر قسەی (فرانکلین د.روزفیلت) سەرۆکی ئەوکاتـەی ئـەمریکا قـەوارەی نەتەوەیـەکگرتووەکان بـە کۆمـەڵێك قۆنـاغ لـە سـاڵی (١٩٤٥) ناسـێنرا، نەتەوەیەکگرتووەکان لە (١٠/١٢/١٩٤٨) لە (٣٠ بەند)دا (جاڕنامەی جیهانی مـاف و ئەرکـەکانی مـرۆڤ) ڕاگەیاند، بەگشتی ئەم مافانەی لە خۆگرتبوو (مافی ژیان، سەربەستی، سـەلامەتی، کەسـێتی، یەکسـانی، لەبەردەم یاسا، دوورکەوتنەوە لە گرتنی هەڕەمەکیانە، دادگاییکردنی ئاشکرا، ئازادی هاتوچۆکردن، مافی پەنابردنە بە هەر وڵاتێك، مـافی ڕەگەزنامـە، هاوسـەرێتی، موڵکـداری، مـافی ڕادەربـڕین، بەشـداری لـە بەڕێوەبردنی وڵات، ئازادی دەنگدان و خۆپاڵاوتن)، هەروەها لە نێوان ساڵانی (١٩٥٥-١٩٦٦) ئەنـدامانی ڕێکخراوەکە ئاڵوگۆڕی تیروتەسەلیان لەسەر مافە مـەدەنی و سیاسـی و ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتیـەکان کـرد تـا لـە ١٦/ ١٢ / ١٩٦٦ دوو ڕێکەتنامـەی جیـاواز و پرۆتۆکـۆڵێکی ئارەزوومەندانـەیان ڕاگەیانـد، ڕیکەوتنامەی یەکەم تایبەت بوو بە مافە مەدەنی و سیاسیەکان و لـە (٥٣ بەنـد) پێکهـاتوو ١٢٤ وڵات واژویـان کـرد، دووەم ڕێکەوتنامـە تایبەتـە بـە مافـە ئـابوری و کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیرییەکان، لـە دیباجەیەك و (٣١ بەند) پێکهاتووە کە باس لە (مافی کارکردن و ئاستی باشـی گـوزەران، دادوەری لـە دەستکەوتنی کاردا، مافی خێزان و منداڵ لەڕووی پاراستن و پـەروەردە فێرکـردن ...هتـد) (حەمەصـالح هەڵەبجەیی: ٢٠٢١: WWW.pukmedia.com)

هەروەها لەلایەکی ترەوە دەرکەوتنی تاك جەمسەری و جیهانگیری و گرێدانی بەرژەوەندی نێوان گەلان قۆناغێکی تربووك کاریگەری ئەم قۆناغە بەجۆرێك بـوو چـەمکی هاونیشـتیمانی دابەشـی دوو ئاستی جیاوازی بکات لە یەك کاتدا، بەوەش لە پاڵ چەمکی (هاونیشتمانی لۆکاڵی) کە بەتنها ئینتیمای بۆ وڵاتێکی دیاریکراو هەبوو و سیستەمێکی تایبەتی فەرمانڕەوای دەکرد و وابەستی ڕیسا ویاساکانی بوو لە ئەرك و مافدا، چەمکی (هاونیشتیمانی جیهانی) سەریهەڵدا تاك لەم ئاستەیدا گرنگـی بـە کیشـەکانی جیهان و پرس و لایەنە جیاوازەکانی جیهان دەدات، سـەرەڕانی بـوونی لـە نیشـتیمانێکی دیاریکراویشـدا، چونکە وایدەبینی بەرژەوەندی گشتی نیشتیمان وابەستەی بەرژەوەندی وڵاتانی ترە و بەرژەوەنـدی و پرسی ئاشتی بۆ تەواوی مرۆڤایەتی لە جیهاندا گرنگـە و سـودی گشـتی لێدەکەوێتـەوە. (صـقر: ٢٠١٠: ١١٠-١١١)

## ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

١- لە یۆنانی کۆندا: پرسی هاونیشتیمانی و ماف و ئەرکەکان مەرجداربووە و بەپێی چینەکان دیاریکراوە: چینی یەکەم پێکهاتبوو لە ئازادەکان (الاحرار)، مافی بەشداری سیاسیان لە دەوڵەتە شاردا بۆ فەراهەم کرابوو، چینی دووەم لەو کەسە بیانیانە پێکهاتبوون کە دانشتووی دەوڵەتشاربوون وبازگان بوون مافی دەستنیشانکردنی داهاتووی ژیانی سیاسیان نەبوو و دووربوون لە بەشداری سیاسی و مانەوەشیان لە دەوڵەتەشاردا وابەستەی مامەڵەی خۆیان بوو، هەروەها چینی سێیەم پێکهاتبوو لە کۆیلەکان و ئەرکی ئەم چینە کارکردن بوو بۆ ڕایزکردن و تێرکردنی چینی ئازاد و بیانیەکان، ئەم چینە بەتەواوەتی بێبەش کرابوو لە مافە سیاسیەکان.

٢- لە ڕۆما: بابەتی هاونیشتیمانی لە یۆنان زادەی قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی دەسەڵاتی ڕۆمە، بەڵام وەکو یۆنان تایبەت بوو بە ئازادەکان، سەرەتا بۆ ئازادەکانی دانیشتوانی شاری ڕۆما و دواتر بۆ ئازادەکانی شارەکانی ئیتالیا و دوای بۆ ئازادەکانی ئیمپراتۆریەتەکە، بەڵام جیاوازتر لە یۆنان بەشێك لە مافەکان ڕەهەندی یاساییان وەرگرت.

٣- سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا سەدەی باڵادەستی مەسیحیەت و دانانی بەهای مەسیحی لە بری بەها مەدەنیەکان، پێگەی هاونیشتیمانی بۆ ڕەعیەت گۆڕا. هەروەها لە ئاینی ئیسلام چەمکی هاونیشتیمانی بەمانای ئێستا نەهاتووە ،بەڵام شێواز و داڕشتنی تایبەتی ئایینی بۆ ئەو بابەتە خراوەتەڕووبەتایبەت لە ئەرك ومافەکان، هەروەها دەستوری مەدینە بە خاڵێکی گرنگ دادەنرێت لە بابەتی هاونیشتیمانیبووندا.

٤- هاونیشتیمانیبوون لە سەدەی نوێ بەرهەمی تێگەشتنی فەیلەسوفانی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو لەلایەك، لەلایەکی تر وابەستەی پەرەسەندنی ئابوری _کۆمەڵایەتی ئەوروپا و لەدایکبوونی دەوڵەتی نەتەوەی و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان بوو.

## سەرچاوەکان:


١. القران الكريم.
٢. ابن منظور (١٩٦٨)، لسان العرب، دار صادر، المجلد ١٣، بيروت.
٣. أونيل، باتريك هه (٢٠١٢)، مبادىء علم السياسة المقارن، ت: باسل جبيلى، الفرقد للطباعة والنشر و التوزيع، ط١، دمشق -سوريا.
٤. برۆن ،د.جڤرى (٢٠٠٩)، مێژووى ئەورووپا لە کۆنەوە تا ئەمرۆ "سەردەمی کۆن، سەدەکانی ناوەڕاست، سەردەمی نوێ"، و: نهاد جلال حبيب الله، ناوەندی ڕۆشنبیر.
٥. بعونى، شهرزاد (٢٠١٨)، أثر ضعف المواطنة وقلق المستقبل في تعزيز الاتجاهات نحو الهجرة السرية لدى الشباب البطال "دراسة ميدانية بمدينة البليدة /ولاية البليدة، اطروحة دكتوراه غير منشورة، قسم علم النفس، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة الجزائر ٢.
٦. بلخيرى، سارة (٢٠٢٢)، المواطنة عند فلاسفة العقد الاجتماعي (توماس هوبز، جون لوك، جون جاك روسو)، دراسة منشورة في مجلة الباحث في العلوم الإنسانية والاجتماعية، مجلة دورية اكاديمية محكمة، كلية العلوم الاجتماعية والانسانية، جامعة الوادى الجزائر، المجلد ١٣، العدد ٢.
٧. پۆلادی، کەمال (٢٠٠٥)، مێژووی هزری سیاسی لە ڕۆژئاوا "لە سوکراتەوە تا میکاڤیلی - سەردەمی یۆنان و سەدەکانی ناوەڕاست"، و: ئازاد وەلەدبەگی و سیروان زەندی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، بەرگی یەکەم، کوردستان - هەولێر، ٢٠٠٥.
٨. جمال الدين، محمد على (٢٠١٩)، أسس المواطنة في الشريعة الإسلامية، دراسة منشورة في مجلة روح القوانين، مجلمة علمية محكمة، تصدر من كلية الحقوق، جامعة طنطا، المجلد: ٢، العدد: ٨٨.
٩. حسني، عبدالواحد (٢٠١٧)، قيم المواطنة في الخطاب الدستوري من النشاة الاحادية إلى اقرار التعددية "مقاربة سوسيو تحليلة لدستوري ١٩٦٣ و١٩٩٦"، مجلة افاق، العدد السادس، شتاء.
١٠. حەمەصالح هەڵەبجەیی ,کاوان ئەحمەد,(٢٠٢١) جارنامەی مافەکانی مرۆڤ، ئامادەکردنی: ڕاپۆرتی تایبەت بە ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، ڕۆژی دابەزینی بابەت لە سایتی (PUKMEDIA) (١٠/ ١٢ / ٢٠٢١)، سایتێکی فەرمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، ڕۆژی سەردانی سایت ٢٠ / ٨ / ٢٠٢٣، کات ٨,٢٠ م، لەسەر ئەم ڕایەڵە:
https://pukmedia.com/KS/Details/181075
١١. حواص، خالد (٢٠٢٢)، مفهوم المواطنة بين الفكر الغربي و الفكر العربي الإسلامى و اثرها في المجتمع الإسلامي، دراسة منشورة في مجلة النوازل الفقهية و القانونية، مجلة دولية علمية محكمة تصدر عن مركز البحث في العلوم الإسلامية و الحضارة بالأعواط الجزائر، المجلد ٠٦، العدد ٠٣.
١٢. خدة، معمر جلول (٢٠٢١)، المواطنة في الفكر السياسي من التراث إلى الفكر المعاصر، اطروحة الدكتوراه غير المنشور، كلية العلوم الاجتماعية ، جامعة وهران ٢، الجزائر.
١٣. د.عيساوة وهيبة و د.مراح سميرة(٢٠١٩)، مفهوم المواطنة "مقاربة في التحولات التاريخية و

السياقات الاجتماعية"، مجلة سوسيولوجيا، العدد ٧.
١٤. دوبه، شريف الدين بن (٢٠١٩)، المواطنة "مفهومها، جذورها التاريخية و فلسفتها السياسية"، العتبة العباسية المقدسة، المركز الإسلامي للدراسات الاستراتيجية، بيروت، لبنان.
١٥. رانبي عبدالقادر، مكانة المواطنة في ظل وجود الطائيفية - دراسة حالة لبنان، مصدر السابق، ص ٤٤
١٦. رضوان، د.عبير بسيونى (٢٠١٢)، ازمة الهوية والثورة على الدولة في عياب المواطنة وبروز الطائيفية، دار السلام للطباعة والنشر والتوزيع و الترجمة القاهرة، مصر.
١٧. زايد، د.احمد (٢٠٠٧) ،مقدمة علم الاجتماع السياسي، نهضة مصر للطباعة والنشر، ط٢، القاهرة، مصر.
١٨. سعدون، رزيقة (٢٠١٦)، النظرية الديمقراطية عند ارسطو، رسالة الماجستير غير منشور في تاريخ الفلسفة، قسم الفلسفة، كلية العلوم االإنسانية و لاجتماعية، جامعة قاصدي مرباح ورقلة، الجزائر
١٩. شحاتة، حسن (٢٠١٢)، تصميم المناهج وقيم التقدم في العالم العربي، الدار المصرية اللبنانية، ط ٣، القاهرة ،.
٢٠. شريف، أمين فرج (٢٠٠٩)، المواطنة و دورها في تكامل المجتمعات التعددية "المجتمع العراقي نموذجآ"، مؤسسة حمدى للطباعة و النشر، من منشورات مكتب الفكر و الوعي للإتحاد الوطني الكردستانى.
٢١. شريف، أمين فرج (٢٠٠٩)، المواطنة و دورها في تكامل المجتمعات التعددية "المجتع العراقي نموذجا"، مؤسسة حمدي للطباعة و النشر.
٢٢. شعبان، د. عبدالحسين (٢٠٠٠)، الهوية و المواطنة "البدائل الملتبسة و الحداثة المتعثرة"، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت ،لبنان،.
٢٣. شوفالية، جان جاك (١٩٩٣)، تاريخ الفكر السياسي، ت: د.محمد عرب صاصيلا، ط٢، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر و التوزيع.
٢٤. صابر بحري، منى خرموش (٢٠١٠)، دور الجمعيات في تنمية بعض قيم المواطنة لدى الشباب الجامعي، دراسة منشورة في مجلة السراج في التربية وقضايا المجتمع، مجلد (٠٤) عدد (٠٣)، ٢٠٢٠.
٢٥. صالح، د.محمد محمد (٢٠١١)، مێژووی ئەوروپا "لەسەردەمی ڕێنساس تاوەکو شۆڕشی فەرەنسی"، و: ئارام محمد دەزگای چاپ وپەخشی نارین.
٢٦. صقر ،وسام محمد جميل (٢٠١٠)، الثقافة السياسية وانعكاسها على مفهوم المواطنة لدى الشباب الجامعي في قطاع غزة ٢٠٠٥ - ٢٠٠٩م ، دراسة ميدانية على عينة من طلبة جامعات قطاع غزة، رسالة الماجستير غير منشور، برنامج ماجستير العلوم السياسة، كلية الاقتصاد و العلوم الإدارية، جامعة الازهر -غزة، فلسطين.
٢٧. صلابي، علي (٢٠٢٠)، مفهوم المواطنة و تطوره التاريخي من العصور اليونانية القديمة حتى

تاريخنا المعاصر، مقالة مشنورة في الموقع التلفزيون الجزيرة في تاريخ (١ / ١٠ / ٢٠٢٠)
٢٨. علي محمد الصلابي، مفهوم المواطنة وتطوره التاريخي من العصور اليونانية القديمة حتى تاريخنا المعاصر،٢٠٢٠/١٠/١، من الانترنيت، يوم زيارة (١٠/ ٧ / ٢٠٢٣)، ساعة ٩ م، على الموقع:
https://www.aljazeera.net/blogs/2020/10/1مفهوم-المواطنة-وتطوره-التاريخي-من
٢٩. صيام، د.عصام (٢٠٠٧)، المواطنة، نهضة مصر للطباعة و النشر و التوزيع، الجيزة، مصر.
٣٠. عاشور، د. سعيد عبدالفتاح (٢٠٠٩)، اوروبا العصور الوسطى، ج ١ "تاريخ السياسي" مكتبة الانجلو المصرية، القاهرة – مصر.
٣١. القحطاني، عبداالله بن سعيد آل عبود (٢٠١٠)، قيم المواطنة لدى الشباب و إسهامها في تعزيز الأمن القومي ، أطروحة مقدمة استكمالا لمتطلبات الحصول درجة دكتوراه الفلسفة في العلوم الامنية، قسم العلوم الشرطة، كلية الدراسات العليا، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية.
٣٢. عبدالقادر، رانبي (٢٠١٥)، مكانة المواطنة في ظل وجود الطائيفية – دراسة حالة لبنان، رسالة ماجستير غير منشور، قسم التنظيمات السياسية و الادارية، كلية العلوم السياسية و الإدارية، جامعة الجزائر.
٣٣. التميمي، حميد فاضل حسن (٢٠١٦)، المواطنة وإشكالية المباعدة بين النظرية و الممارسات التطبيقية "العراق نموذجا "، مقال مشهور في مجلة القضايا السياسية ،جامعة النهرين كلية العلوم السياسية، مجلد ٢٠١٦، عدد ٤٥-٤٦، ٢٠١٦.
٣٤. العوا، محمد سليم (١٩٨٧)، الأقباط و الإسلام، دار الشروق، القاهرة.
٣٥. غيث، د. محمد عاطف (٢٠٠٦)، قاموس علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، مصر.
٣٦. فتاح، د.أميد رفيق (٢٠٢٠)، إشكالية المواطنة في الفكر السياسي المعاصر، مطبعة سردم للطباعة والنشر، السليمانية، كردستان.
٣٧. قاموس المعاني (٢٠٢٣)، تعريف و شرح ومعنى المواطن، يوم زيارة الى الموقع، (١٢/ ٧ / ٢٠٢٣) ساعة ١٠م.
https://www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/%D9%85%D9%88%D8%A7%D8%B7%D9%86/
٣٨. الكوراي واخرون، علي خليفة (٢٠٠١)، المواطنة و الديموقراطية في البلدان العربية، مركز دراسات العربية، مكتبة مؤمن قريش، بيروت، لبنان.
٣٩. لبوز، عبدالله (٢٠١١)، قيم المواطنة المعبر عنها عند مدرسى المواد الاجتماعية وعلاقتها باتجاهاتهم نحو المناهج الدراسي ودافعيتهم للتدريس، دراسة ميدانية بمتوسطات ورقلة، رسالة دكتوراه غير منشورة، في علم النفس التربوي، قسم علم النفس وعلوم التربية، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة وهران، الجزائر.
٤٠. محمد و محمود، ثامر عزام و ابتسام (٢٠٠٩)، الثورة الجليلة ١٦٨٨ و اثرها علی الاوضاع السياسية و الاقتصادية في بريطانيا، دراسة منشورة في مجلة سرمن رأى، مجلة علمية فصلية محكمة تصدر عن كلية التربية في جامعة سامراء، المجلد ٥، العدد ١٥.
٤١. محمد، خالدي (٢٠١٦)، تمثلات المثقف للمواطنة في الجزائر، أطروحة مقدمة لنيل شهادة

الدكتوراه في علم الاجتماع، قسم الاجتماع، كلية العلوم الاجتماعية و العلوم الإنسانية، جامعة أبي بكر بلقايد - تلمسان، الجزائر.

٤٢. مرقس، سمير (٢٠٠٦)، المواطنة و التعبير،دراسة أولية حول تأصيل المفهوم و تفعيل الممارسة، مكتبة الشروق الدولية، القاهرة ،مصر.

٤٣. ممدوح، د. محمد (٢٠١٧)، المواطنة في الإسلام "المعضلات و الإشكاليات في واقعنا المعاصر"، الشقري للنشر و روابط وتقنية المعلومات.

٤٤. موكيل، عبدالسلام (٢٠١٦)، المواطنة وسياق الدولة و الهوية "مقاربة فكرية و معرفية بين الفكر السياسي المعاصر و المنظور الاسلامي"، دراسة منشورة في مجلة تاريخ العلوم، مجلة علمية عالمية محكمة -متخصصة في تاريخ العلوم و الدراسات و الابحاث الإيبستمولوجية، جامعة زيان عاشور بالجلفة -الجزائر، العدد ٠١

٤٥. نفيسة، د. زريق (٢٠١٧)، المواطنة في الجزائر: قراءة في أبعاد المواطنة وانعكاطاتها على البناء الدّيمقراطي في الجزائر، دراسة منشورة في مجلة البحوث السياسية و الإدارية، العدد الحادى العشر.

٤٦. نوار و جمال الدين، د. عبدالعزيز سليمان و د.محمود محمد (١٩٩٩)، التاريخ الاوروبى الحديث "من عصر النهضة حتى نهاية الحرب العالمية الأولى"، دار الفكر العربي للطبع والنشر، مصر.

٤٧. هيتر، ديريك (٢٠٠٧)، تاريخ موجز للمواطنية، ت: اصف ناصر و مكرم خليل، دار الساقي، بيروت، لبنان.

٤٨. ولديب، د.سيدى محمد (٢٠١١)، الدولة والاشكالية المواطنة "قراءة في المفهوم المواطنة العربية"، دار كنوز المعرفة للنشر والتوزيع، الاردن، عمان.